# هەر سەرۆک جاشێک ژیانی زۆرتر لە هەزار کوردی لە مردن پاراستووە، قاسم ئاغا وەک نموونە!

## بەشی یەکەم



2010

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (102)ی جاشە سووکەکان، لە روونکردنەوەیەکدا کە لە رۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (651)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (4.8.2010)دا، لەلاپەڕە (17)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەوە دەکات کە هەر سەرۆک جاشێکی سەدام و بەعس توانیوێتی لە سەروو هەزار کورد بپارێزێت لە مردن و تیاچوون. سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ناوونیشانی ووتارەکەم لە لێدوانەکەی ئەو وەرگیراوە، پاشانیش دەمەوێت چەند نموونەیەک هەڵبژێرم لەو سەرۆک جاشانەی سەدام کە گوایە ژیانی هەزار کوردیان پاراستووە، با بزانین قسەی سەرۆک جاشی ناوبراو وا دەردەچێت یان پێچەوانە! لێرەدا قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی ناوبراو کراوە.

راوێژکاری فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کرۆژی کۆیی و فارس تاهیر مستەفا ئاغای باوکیشی ناوی لە رۆژنامەکانی رژێمدا وەکو راوێژکاری فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان هاتووە. جێگرانی راوێژکاری فەوج مەجید مەلا فەتاح موسا و ئەکرەم مەلا فەتاح موسا، هەریەک لە چەتۆ کەریم سەعید (کە خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە 72 بوو)، حاجی ئیبراهیم عەزیز حەسەن، ئیبراهیم عەبدوڵلا فەرەج، بەکر عەبدوڵلا فەرەج، محەمەد عەبدوڵلا محەمەد، محەمەد عەلی بێشیری، لەتیف خورشید سەعید، مستەفا رەشید مستەفا تۆبزاوەیی و محەمەد ئەحمەد عەبدوڵلا فەرماندەی سریە بووینە. مەجید مەلا فەتاح موسا، پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو دواتر لە ساڵی (1985)دا گەڕایەوە ناو رژێم و بوو بە جێگری سەرۆک جاش لای قاسم فارس کۆیی، دوای راپەڕینیش گەڕایەوە ناو یەکێتیی و کرا بە ئەندامی مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی لە کۆیە، بەڵام ئێستاکە لە هۆڵەندا دەژیت.

قاسم فارس تاهیر کە خاوەنی کەسایەتییەکی لاوازو مرۆڤێکی قومارچی و نەفس نزم بوو، لە سەرەتای چەک هەڵگرتنی بۆ رژێم و بوونی بە مەفرەزەی تایبەتی، پێشمەرگە پێیان شەرم بوو کەسێکی سووک و بودەڵەی وەکو ئەو

بکوژن، ئەگینا زۆر بەئاسانی دەیانتوانی بیکوژن، کەچی دواتر قاسمە کۆر ئەو دڕندەیەی لێدەرچوو. قاسم فارس ئاغای کرۆژی (کە لە کوردستان بە قاسمە کۆر و لەناو کۆیەدا بە قاسم ئاغای پووشتە ناسراوە)، کۆمەڵێک تاوانی دژ بە هاووڵاتیان، پێشمەرگە، کەسوکاری پێشمەرگە و نەتەوەپەرستانی کورد ئەنجام داوە و شەهیدی کردوون، کە بەشێک لە تاوانە دیارەکانی ئەمانەن:

قاسم ئاغاو ئەوکاتەی کە مەفرەزەی تایبەتی سەربە ئیستخباراتی هەبوو، لە بۆسەیەکدا لە شەوی (19.11.1978)دا لە کۆدەرەی نزیک گوندی (سکتان)ی خۆشناوەتی بۆ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشمەرگەی قارەمان رەسوڵ حاجی ئەحمەد خان خدر بۆڵیی بریندارکرد کە بۆ بەیانی لە ئەنجامی سەختی برینەکەی شەهیدبوو – سەرچاوە: (شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل220).

قاسم ئاغا، لە رێکەوتی (5.5.1980)دا بەهۆی خۆفرۆشێکەوە بەناوی جەرگۆ، توانی باوکی شەهیدی پێشوو (رەسوڵ حاجی ئەحمەدخان) واتە ئەحمەد خان خدر بۆڵی فەرماندەی هەرێمی (10)ی سەفینی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە گوندی سماقولی گرتکی دۆڵی خۆشناوەتیدا شەهید بکات.

قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری بەخۆی و جاشەکانی شانبەشانی سەدان سەرباز و ژمارەیەکی زۆر کۆپتەری دوژمن بەشداری شەڕی دەشتی قۆڕەبەرازەی رێکەوتی (11.8.1979)یان کردووە، کە لەو شەڕەدا نۆزدە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم ناوانەی خوارەوە شەهید بوون: (شەفیق زاهیر کەریم، فەرماندەی هێزەکە، مەولود حاجی عەبدوڵڵا (مەولود شینە)، محەمەد قادر قورقورەیی، مەعروف عارف نەجم قەیسەری، محەمەد عەزیز عەلی، ئازاد حاجی رەفیق نانەوا، زاهیر محەمەد شەریف، رەفعەت محەمەد، شێروان ئیسماعیل نازەنینی ناسراو بە ئامانج، ئەنوەر محەمەدئەمین نازەنینی، حەوێز ئیسماعیل مەحمود، ئەحمەد مەحمود ئەحمەد، جبرائیل حاجی خدر، سەعید محەمەد عەلی ساڵح قەرەناوی، محەمەد قادر حەمەد، جەعفەر سەعید عەباس، عومەر رەفیق ئەحمەد عەبدوڵڵا، ئاودێر عەبدوڵڵا ساڵح و قوباد فەتحوڵڵا سەعید کە ئەم چوارەی دواییان بە بریندارى دەستگیر کران و لە شەوی (11/12.8)دا لە خانەی میوانداری ئەفسەران – دار الضیافة للضباط لە کۆیە قاسم ئاغا خۆی گوللە بارانی کردبوون – سەرچاوەی ناوەکان: شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل253-254).

قاسم ئاغاو جاشەکانی لە ساڵی (1980)دا لە دۆڵی ئەسحابان سێ پێشمەرگەی یەکێتیی شەهید دەکەن بەناوەکانی (محەمەد ئیبراهیم مەنتک، مەجید ئیبراهیم مەنتک و بەکر کەریم کە بە بریندارى قاسم ئاغا شەهیدیکرد، هەروەها لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی تر بریندار بوون بەناوەکانی سەباح ئەحمەد، مەجید سوسەیی و فارس حەسەن).

شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) لە رێکەوتی (16.8.1981)دا بەناوەکانی ئەحمەد ئیسماعیل حەمەد ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو و یەکیەتی مەجید وسو.

شەهیدکردنی هاووڵاتی دلێر مستەفا لەناو باخەکانی کۆیە لە ساڵی (1981)دا.

شەهیدکردنی دوو هاووڵاتی بێتاوان بەناوەکانی ئەحمەد ئەبابەکر عەبدال و شوکریە قادر لەناو شاری کۆیە لە خۆنیشاندانەکانی ساڵی (1982)ی سەرجەم کوردستان بە بۆنەی یادی هەشت ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێ لە رێکەوتی (24.4.1974).

له ساڵی (1982)دا جاشێکی قاسم ئاغا بەناوی میرزا ئیسماعیل پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)ی بەناوی نەوزاد رەئوف پەرەچی لە گەڕەکی جەمعیەی کۆیە نزیک کانی بن شاخان شەهیدکرد.

شەهیدکردنی هاووڵاتییەک بەناوی نەجات حاجی عەبدوڵڵا لەناو شاری کۆیە لە ساڵی (1982)، دواتریش شەهیدکردنی کوڕێکی ئەو شەهیدە لە ساڵی (1987)دا بەناوی دلێر نەجات عەبدوڵڵا.

شەهیدکردنی خوێندکار ئاراس عەبدولواحێد حەمید لە زستانی ساڵی (1982)دا، کە ئەوکاتە تەمەنی لە خوار (18) ساڵان بووەو سەربە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، جاشەکانی قاسم ئاغا دوای دەکەون لەسەر هەڵواسینی پۆستەر و بڵاوکراوە، ئەو مێردمنداڵە لەناو ماڵ دەردەهێنن و لە کۆڵاندا بە بەرچاوی دایک و خوشکی شەهیدی دەکەن.

قاسم ئاغاو جاشەکانی، لە ساڵی (1983)دا لەناو شاری کۆیە پێشمەرگەیەکی قارەمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی بەناوی جەلیل حاجی دێوانە شەهیدکرد.

لە ساڵی (1984)دا لەناو شاری کۆیە ئازاد مام فەتاح لەلایەن قاسم ئاغا شەهیدکرا، هەر لە زستانی هەمان ساڵدا قاسم فارس کرۆژی لەسەر رێگای کۆیە - هەولێر سێرەی لە چەتری سەر سەری مامۆستا نەریمان تاهیر گرتبوو بە مەبەستی پێکانی نیشانەو ناوبراوی شەهیدکرد.

شەهیدکردنی هاووڵاتی جەمال ئەحمەد فەقێ خۆشناوی ناسراو بە جەمال خۆشناو لە رێکەوتی (26.9.1985)دا لەناو شاری کۆیە، کە پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی بوو و لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1977)دا لە گوندی (چناران)ی سەربە قەزای دوکان دەستگیرکراو، پاشان فەرمانی لە سێدارە دانی لە هەیئە خاسەی کەرکوک بۆ دەرچوو، بەڵام دواتر لە رێکەوتی (11.8.1979)دا بەبۆنەی دەسەڵات گرتنە دەستی سەدام حوسێنی دیکتاتۆرەوە وەکو سەرۆک کۆمار لێبووردنی گشتیی دەرچوو و، جەمال خۆشناو ئازاد بوو.

شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) لە سەرەتای ساڵی (1985)دا لە چنارۆک بەناوەکانی شەهید ئەمیری عەبدە خڕە و شەهید سەرکەوت.

سووتاندن و شەهیدکردنی پێشمەرگەی (ی. ن. ک) شەفیق ئیبراهیم ئیسماعیل مام قلینجی لە گوندەکەی خۆیاندا لە مانگی ئەپریلی ساڵی (1985)دا، دوای سووتاندنی خانووەکەیان بە بڕیاری قاسم ئاغا کە شەهید شەفیق لە خانووەکەدا بوو، هەروەها منداڵێکی تەمەن (4-5) ساڵان بەناوی رزگار ساڵح ئیسماعیل بە گوللەی جاشەکانی قاسم ئاغا شەهید دەبێت.

شەهیدکردنی هاووڵاتییەک لە ساڵی (1986)دا بەناوی ئەسوەد ئەحمەد لەلایەن شوفێرەکەی قاسم ئاغا، کە لەبەردەم فلکەی تایەر تۆفیق بە ئۆتۆمۆبێل بەسەریدا رۆیشت، کە پێشتر کوڕێکی مام ئەسوەد بەناوی شەهید جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، لە شەڕی بەناوبانگی دەشتێو لە رێکەوتی (8.3.1978)دا بەدیل گیراو دواتر لە رێکەوتی (21.6.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

گرتن و بێسەرو شوێن کردنی دوو هاووڵاتی لە ساڵی (1986)دا لە رێگای بنکەی ئیستخباراتی سەربازی کۆیەوە بە ناوەکانی ئەحمەد کوێخا رەحیم و دلێر ئیسماعیل حەمەخان.

شەهیدکردنی پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی سالار کەریم بۆیاخچی ناسراو بە (سالارە سوور) لە ساڵی (1986)دا لە رەبایەکی جاشەکانی قاسم ئاغا لە گوندی داربەڕوو.

قاسم ئاغای پووشتە و جاشەکانی لە شەڕێکدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکەوتی (10.7.1986)دا، رۆڵەیەکی قارەمان و کادیرێکی رۆشنبیری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی بەناوی شەهید جەلیل ئەمین سادق تەلەلخێمی ناسراو بە (رەنجدەر)، کە فەرماندەی کەرتی دووی تیپی (87)ی قەرەچوغ بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بەناوەکانی شاکر عومەر عەلی ناسراو بە (شاکر سۆربەشی) و یاسین ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی ناسراو بە (یاسین موعەلیم، کە دوو برای تریشی بەناوەکانی شەهید مەغدید ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی ناسراو بە (مەغدیدە قەڵەو) و شەهید سەمەد ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی لە سەرەتای ساڵی (1987)دا لە بۆسەیەکدا لە نزیک گوندی مەلاقەرەی سەربە دیبەگە شەهید بوون)، لە گوندی سێگرتکان شەهیدی کردن و سێ پێشمەرگەش بەناوەکانی حامد هەینی سەعید خەیلانی، دینۆ زرار سیان و ئیبراهیم تەلەلخێمی دەستگیرکران کە دواتر حامد و دینۆ بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کران و (ئیبراهیم تەلەلخێم)یش سزای لە سێدارە دانی بۆ بڕدرایەوەو دواتر لە سێدارە درا. ئەو سێ دیلە (حامید، ئیبراهیم و دینۆ) لە سەرەتای ساڵی (1987)دا لە ژووری ژمارە یەکی زیندانی ئەمنی هەولێر بەیەکەوە بووین و بە دەیان جار باسی ئەو شەڕەیان کردووە کە جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە ئەوانی دەستگیرکردووە. ئەو سێ پێشمەرگەیە لەپێناوی رێکخستنی قسەکانیان لەبەردەم دادگای بەناو سەورەی بەغدا و بۆئەوەی لە سزای لە سێدارە دان دوورکەونەوە، دەیان جار لەگەڵیان دانیشتووم، ئەوەی کە سەرنجی هەموومانی راکێشابوو لە ژوورەکەدا زۆر ئاستەم بوو بۆ شەهید ئیبراهیم تەلەلخێمی بە جاش بڵێت فورسان، کە هەردەم ئامۆژگاریمان دەکردن لەبری جاش بڵێن فورسان، چونکە دەمانزانی بەکارهێنانی ووشەی جاش بە تەنیا لە دادگادا بەسە بۆ عەواد حەمەد بەندەری سەرۆکی بەناو ئەو دادگایە، بۆ ئەوەی سزای لە سێدارە دانیان بۆ ببڕێتەوە، بەڵام هەر ئەودەم بوو بۆ شەهید ئیبراهیم و یەک خولەک دواتر دیسان دەیگووت: (کە جاشەکان گەیشتنە ناو گوندی، ئێمە خۆمان رادەستی جاشەکان کرد، دواتر جاشەکان هەر لە خۆیانەوە ئەو چەکانەیان کردۆتە هی ئێمە، ئەگینا ئێمە پێشمەرگە نەبووینە، بەڵکو فیرار بووینەو لەو گوندە دانیشتبووین). ئەوەبوو لە هاوینی ساڵی (1987)دا هەرسێ پێشمەرگەی دەستگیرکراو لەلایەن جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە رەوانەی دادگا کران و شەهید ئیبراهیم بەتەنیا لە بەردەم عەواد حەمەد بەندەری جەللاددا ووشەی جاشی بەکارهێنابوو و دووەکەی تریش فورسان، بۆیە عەواد بەندەر هەریەک لە حامید هەینی و دینۆ زراری بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کردو فەرمانی لە سێدارە دانیشی بۆ ئیبراهیم تەلەلخێمی دەرکرد، هەروەها پێشی گووتبوو: (إنت الجحش، أبوک الجحش، جدک الجحش، عشیرتک الجحش، أدزک للجهنم وبئسک المصیر)، نزیکەی مانگێک دەبوو من گەیشتبوومە زیندانی (ألأحکام الخاصة)ی ئەبوغرێب کە حامد هەینی و دینۆ زرار بەبێ شەهید ئیبراهیم تەلەلخێمی هاتنە لامان و ئەو رووداوەی ناو دادگایان بۆ گێڕاینەوە. دواتر حامید هەینی خەیلانی و دینۆ زرار لەگەڵ ئێمەدا (تەواوی زیندانیانی کورد لەو بەشەدا) لە رێکەوتی (14.9.1988) و رۆژانی دواتردا بەر بڕیاری لێبووردنی گشتیی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر ژمارەکانی (736+737) کەوتین و ئازاد کراین.

لە رێکەوتی (28.10.1986)دا جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە بە پشتیوانی هێزێکی زۆری رژێم و چەندین کۆپتەر هێرشیان کردە سەر گوندەکانی پەڵکانە و قۆڕیتانی دەشتی کۆیە، دوای شەڕێکی سەخت و بۆردومان کردنی گوندەکە لەلایەن هێزەکە و کوپتەرەکانی رژێمەوە دوو پێشمەرگەی کەرتی پێنجی سەربە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر بەناوەکانی سابیر بانیمارانی و فارس بانیمارانی لەگەڵ دوو کەس لە هێزی پشتگیری گوندەکان بە ناوەکانی لەتیف شەوگێڕی و مام بەکر ناسراغەیی شەهید دەبن و، جاشەکانی قاسم ئاغا پێشمەرگەیەکی قارەمانی تر بەناوی محەمەد عەبدوڵلا عەلی ناسراو بە (رزگار مام قلینجی) بە برینداری بەدیل دەگرن و رادەستی رژێمی دەکەن کە دواتر لە

سێداره درا، هەروەها زۆرتر لە (20) کەس لەو دوو گوندەدا شەهید بوون لەگەڵ ماڵ و منداڵی هەریەک لەو دوو پێشمەرگەیە: (سابیر قۆڕیتانی و کەریمە ڕەش) – سەرچاوە: (ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، بەرگی یەکەم، ل219-220).

شەهیدکردنی پێشمەرگەیەکی تیپی (91)ی سەفینی یەکێتیی بەناوی سەفین سەعید رەزا، کە لە ساڵی (1987)دا لە گوندی فەقێیان دەکەوێتە بۆسەی جاشەکانی قاسم ئاغاوە.

شەهیدکردنی دوو برا بەیەکەوە لە ساڵی (1988)دا لە بەردەم یانەی کۆیە بە ناوەکانی رزگار رەسوڵ محەمەد سوێسنی و عەبدوڵڵا رەسوڵ محەمەد سوێسنی و بریندارکردنی گەنجێک بەناوی محەمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم کە ئامۆزازای ئەو دوو شەهیدەیە و ئێستاکە وەکو کەم ئەندامێک لە ئەڵمانیا دەژیت.

شەهیدکردنی هاووڵاتی بێتاوان مامەی سەمون فرۆش لە ساڵی (1988)دا لە گەڕەکی (قەسرێ)ی کۆیە.

دەستگیرکردنی شەش راکردو لە خزمەتی سەربازی لەلایەن جاشەکانی فەوجی قاسم ئاغای غەفوری لە شەوی (10/11.8.1988)دا لە دەوروبەری گوندی سکتانی دۆڵی خۆشناوەتی کە بریتین لە هەریەک لە: (ئیبراهیم ئەحمەد بەگ، بارزان رەفیق عەبدولکەریم، دلاوەر عەبدوڵڵا مام یەحیا، شێروان رەفیق عەبدولکەریم، هاوڕێ بەکر ئەمین و کامەران حەوێز)، پاشان رادەستکردنیان بە ئیستخباراتی کۆیەو بێسەرو شوێنکردنی پێنج کەسی یەکەمیان تاوەکو ئێستاکە، کە تەنیا کامەران حەوێز ئازادکرا، کەچی ئەویش دواتر لە ڕێکەوتی (9.3.1991)ی ڕۆژی راپەڕینەکەی کۆیە هەر بەدەستی قاسم ئاغاو جاشەکانی شەهیدکرا.

لە کۆتایی شاڵاوە درندانەکانی ئەنفال، لە شەڕێکی ئازایانەی پارتیزانەکانی حزبی شیوعی کە یازدە پێشمەرگە بوون، لە ڕێکەوتی (4.9.1988)دا بە فەرماندەیی بەرپرسی دەستەی پارتیزانەکانی لقی هەولێر، مولازم هەژار (رەفعەت کاک ئەحمەد مەعروف) کە ئێستاکە لە دانیماک دەژیت، لەگەڵ فەوجی جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیەدا لەنێوان گوندەکانی سماقە و بایزئاغادا، جاشەکانی قاسم ئاغا دوو پێشمەرگەی ئازاو گیان لەسەر دەستی حزبی شیوعییان بەناوەکانی (ئیسماعیل مەلا عەبدولقادر سەردەشتی ناسراو بە (ئارام شاهین) و فەیسەڵ ماستاوەیی ناسراو بە جووتیار) شەهیدکردو، قاسم ئاغا تەرمەکانی هەردوو شەهیدی بەدیاری بردن بۆ ئیستخباراتی کۆیە.

شەهیدکردنی چوار پێشمەرگەی تێکۆشەری حزبی شیوعی کوردستان – ئێراق لە بناری چیای کۆسرەت لە ڕێکەوتی (6.3.1989)دا کە یەکەم و دووەمیان بە برینداری لە سەربازگەی دوکان شەهیدکران، کە چوار پێشمەرگەکە سەربە لقی کۆیەی حزبی ناوبراو بوون و بریتین لە هەریەک لە: (جەنگی کەریم ناسراو بە شەپۆڵ، جەلیل ئیبراهیم ئەحمەد کێلەسپی ناسراو بە ڕێباز، عومەر شەریف ناسراو بە چالاک، کاوە حەمید بەهرام). ئەو شەڕە لەگەڵ سریەیەکی حزبی شیوعی بوو کە فەرماندەی سریەکە مام جوامێر بۆلقامیشی و جێگری فەرماندەی سریە ملازم شێرزاد سلێمان گۆڵتەپەیی بوو، کە مولازم شێرزاد دواتر لە ڕێکەوتی (27.3.1991) لە هێرشی بەناو سوپای درندەی سەدام و بەعس بۆ سەر شاری کەرکوکی گرو بڵێسەدا لەناو ئەو شارەدا شەهید بوو. بەگوێرەی ئەو فیلمە ڤیدیۆیەی کە کەمپینی کۆیە لەپێناوی دادگاییکردنی تاوانباری دژ بە کورد و کوردستان قاسم ئاغا سەبارەت بەو شەڕەی بناری کۆسرەت بڵاویان کردۆتەوە، دەریدەخات کە موقەدەمێکی سەربازی بەناوی موقەدەم روکن عەزیز و قاسم ئاغا دەردەکەون لەگەڵ ناوهێنانی چەند جاشێکی وەکو ئەکرەم (کە پێدەچێت ئەکرەم مەلا فەتاح موسای جێگری قاسم ئاغا بێت، کە پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو دواتر لە ساڵی (1985)دا هاتەوە ناو رژێم و بوو بە جێگری قاسم فارس کۆیی، دوای راپەڕینیش گەڕایەوە ناو یەکێتیی و ئێستاکە لە مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی

کۆیەدایە)، جەلیل، کەمال، سەید جەمال (دوای راپەڕین چۆتە ناو پارتی و ئێستاکە بەرپرسی ناوچەی تەقتەقی پارتی دیموکراتی کوردستان)، مەحمود، میران، رزگار، شێخ محەمەد، مام هەژار، تۆفیق و چەتۆ (کە پێدەچێت چەتۆ کەریم سەعیدی خاوەنی کۆنە مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (72) و فەرماندەی سریە لای قاسم ئاغای پووشتە بێت).

شەهیدکردنی دوو پێشمەرگە و بیست و هەشت هاوولاتی لە رۆژی (9.3.1991)ی رۆژی راپەڕینی کۆمەلانی خەلکی کۆیەی قارەمان، کە دوو پێشمەرگەکە بە برینداری لەناو قشلەی کۆیە بەدەستی تاوانبار قاسم ئاغا شەهیدکران، کە بریتی بوون لە ئەحمەد کانی وەتمانی و جەوهەر بایز حەمکۆل (جەوهەری ناسکە)، هەروەها (28) هاوولاتییەکەش بریتیین لە: (ئاکۆ کەریم، بەرزان تۆفیق، ئەمیر عەبدوللا، ئیبراهیم حەسەن، ئیبراهیم سەدرەدین، جاسم فەرحان، جەلیل خالید، جەنگی ئەسعەد، حەمید مستەفا، ستار حەمید، سەمەد حەمید، سەمیرە ئەحمەد، سوارە عومەر، شێروان ئیسماعیل، عومەر حەمەد، عومەر سالح، فەیسەل مەجید، قارەمان عومەر، کامەران حەوێز، کاوە حەمەدئەمین، کاوە حەمەد، محەمەد خدر، محەمەد عەبدوللا، میرزا فەتاح، نازم سالح، نازەنین قەرەنی، نەسرین سدیق و نامیق سلێمان – سەرچاوە: کۆیە: کەمپینێک دژ بە موستەشارێک رێکەخات، ماڵپەڕی کوردستانیوز).

جاشێکی قاسم فارس ئاغا بەناوی رەحمان عەلی ئیسماعیل لە رۆژی راپەڕین و ئازادکردنی شاری کۆیە لە رێکەوتی (9.3.1991)دا دوای هێرش و فشاری زۆری خەلکی کۆیە بۆسەر دامودەزگاکانی رژێم و جاشە خۆفرۆشەکان بە قاسم ئاغای گوتبوو: (ئاغا با تەسلیم بە جەماوەر بین)، قاسم ئاغا هەناوی جاشی ناوبراوی پڕ لە گوللە کردبوو و کوشتبووی.

فەوجی قاسم ئاغا بەشداری شالاوە دڕندانەکانی ئەنفالەکانی (1+2+4+5+6+7)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی قاسم ئاغای کۆیە لە هەریەک لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988) + (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، لاپەڕە6). هەرچی سەبارەت بە بەشداری کردنە لە ئەنفالەکانی یەک و چواردا - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسول، ئەنفال کوردو دەولەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148، 162). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالی (پێنج، شەش و حەوت)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق11365/3)ی رێکخراوی هەوالگری باکوور بۆ هۆبەی سێی ئیستیخبارات بە رێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە رێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، فەوجە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەرکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیەو ناو شاری کۆیە – (سی دی کەیسی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، کە بریتییە لە (9312) لاپەڕە، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). قاسم ئاغای فارس تاهیر ئاغای سەرۆک جاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان بۆ رۆژنامەی هاوکاری بەمشێوەیە دەدوێت: (ئێمە هەرچ فەرمانێکمان پێ سپاردرابێ بەجێمان هێناوە بێدواکەوتن، وە دوا فەرمانیش ئەوەبوو کە بەشداری شەڕی ئەنفالمان کرد بۆ راونانی بەکرێگیراوەکانی خومەینی و، جەنگاوەرانمان بەشداریی پاککردنەوەی گوندەکانی چۆغماغ، یاخسەمەر، چیای ئاسنگەران و گاپیلۆن-یان کرد - هاوکاری، ژمارە (972)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (5.5.1988). وابزانم کەسمان گومانمان نییە لە نۆکەرێتی و دلسۆزی قاسمە کۆری راوێژکار بۆ سەدام و بەعس، دوای کۆچڕەوەکەی سالی (1991)، لە پێشوازییەکی سەدامی دیکتاتۆر بۆ کۆمەلێک خۆفرۆشی کورد کە یەکێکیان قاسم ئاغا بوو، کە بە عارەبییەکی شەق و شڕ کە خۆم ئەو دیدارەم لە تەلەفزیۆنی ئێراقی بینی و ئەوەی لە بیرم مابێت بە سەدامی گووت: (گەورەم من بە فەرماندەی فەیلەق (لیوا روکن عەلی محەمەد شەلال)م گووت کە بە کیمیاوی لە رانیەو چوارقورنەو

پشدەر بدات، یان ساروخەکان بداتە من و خۆم بە کیمیاوی لێیان بدەم، بەڵام فەرماندەی فەیلەق بەقسەی نەکردم و بە کیمیاوی لێینەدان. ئەوەبوو دواتر شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و کەرکوک کەوتە دەست ئاژاوەچی و تێکدەران و ئێمەش ناوچەکەمان چۆڵکرد). هەروەها قاسم فارس تاهیر، فەرماندەی فەوجی (85)ی فەوجە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (115)ەیە لە لیستی ناوی داواکراوەکان. قاسم فارس تاهیر کۆیی، دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) چووە خزمەتی سەدامی ئاغای و تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا خزمەتی بەعس و عروبەی سەدامی کرد. دواتریش بۆ ماوەیەک هاتەوە هەولێرو پاشان چووە سوریا. کەچی لە بەهاری ساڵی (2010)دا بۆ جارێکی تر گەڕایەوە کوردستان و لە ناوچەکانی ژێردەستی پارتی لە هەولێر لە میوانداری سەرۆک جاشی فەوجی (11)ی جاشە سووکەکانی سەدام (بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد)ی ناسراو بە (بەهرامی شێمەی هاڕوون)ی بووە لە (مەلا ئۆمەر)ی نزیک هاوینەهەواری پیرمام. بەڵام قاسم ئاغای کۆیی، رۆژی هەینی، رێکەوتی (1.10.2010) لەژێر فشاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خانەوادەی قوربانییانی دەستی ئەو، کە نیازیان وابوو رۆژی شەممە، رێکەوتی (2.10.2010)، خۆنیشاندانێک ئەنجام بدەن لەپێناوی دادگاییکردنی ئەو تاوانبارە خۆفرۆشە، کەچی لە فڕۆکەخانەی هەولێر بە یارمەتی دەسەڵاتدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەت عەبدولکەریم سوڵتان عەبدوڵڵا (کەریم شەنگالی) وەزیری ناوخۆ و نەوزاد هادی ئەحمەد ئاغای پارێزگاری هەولێر گوایە بۆ دەرەوەی وولات و وڵاتێکی ئەوروپی بەڕێ خراوە، کە گومانی زۆرم هەیە بۆ ئەوروپا ناردرابێت، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان باش دەزانێت کوردانی ئەوروپا و هەندەران قاسم ئاغا دەدۆزنەوە و سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن و دەستگیر دەکرێت و دادگایی دەکرێت و سزای زیندانیشی بۆ دەبڕدرێتەوە. پێموایە لە بەرژەوەندی خانەوادەی قوربانییان و کوردپەروانە ئەگەر هاتبێتە ئەوروپا، کە بە دۆزینەوەی دادگایی دەکرێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی هەرگیز لە دڵی نایەت قاسم ئاغا و قاسم ئاغاکانی کوردستان بداتە دادگا.

## بەشی دووەم

# سەڵاح شینە

لە بەشی دووەمدا، سەڵاح شینە عەبدولڕەحمان خدر بندیان دۆرەبەکرەیی (سەڵاح شینە) وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

سەڵاح شینە عەبدولڕەحمان خدر (سەڵاح شینە)، سەرەتا پێشمەرگەی ناسراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، پلە یەک لەدوا یەکەکانی سەربازی وەکو فەرماندەی مەفرەزە، جێگری فەرماندەی کەرت، فەرماندەی کەرت و دوا پلەی جێگری سەرتیپی (86)ی دەشتی هەولێر بووە. سەڵاح شینە، لەلایەک لەکاتی ئەنفالەکاندا وورەی رووخاو توانای پێشمەرگایەتی نەما، لە لایەکی تریشەوە کێشەی هەبوو لەگەڵ چەند بەرپرسێکی تر، بۆیە لەژێرەوە پەیوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانی رژێمەوە کردبوو، رژێمیش داوای لێکردبوو کە چەند فەرماندەیەکی پێشمەرگە بکوژێت یان بەزیندوویی رادەستی ئەوانیان بکات، ئینجا لە رابردووی ئەو خۆشدەبن. سەڵاح شینە بەو مەرجەی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێم قایل بوو، بەڵام لە دەرفەتێک دەگەڕا کە ئەوانەی لەناو یەکێتیی رقی لێیان بوو لەگەڵ چەندین کادیر و پێشمەرگەی حزبی شیوعی بەیەکەوە شەهیدیان بکات یان بیانگرێت و وەکو نێچیری چەور چەور لەسەر

مێژی دۆستایەتی نوێی خۆی و بەعسییەکان شانازی بە شەهیدکردن یان رادەستکردنەوەیان بکات.

ئەو دەرفەتەی کە سەلاح شینە بەدوایدا دەگەڕا بۆی ڕێک نەکەوت، بۆیە بەناچاری بەتەنیا گورزێکی کوشندەی ئاراستەی حزبی شیوعی کرد و کەڵە پیاو و پێشمەرگەی چاونەترس و شێرئاسا عەبدولڕەحمان عەزیز حەمەد ناسراو بە (دکتۆر عادل)، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بەناوەکانی عەلی حاجی ئیسماعیل (ناسراو بە کەمال) و سەرکەوت گردعازەبانی، لە شەوی (1988.6.10/9)دا لە گوندی (پلێنگە)ی سەربە شارۆچکەی قوشتەپە شەهیدکرد، لەگەڵ بریندارکردنی پێشمەرگەیەک بەناوی تاریق عەبدوڵلا عیسا پالانی ناسراو بە (کرمانج) خەڵکی دووگرتکانی قوشتەپە، کە توانی بە بریندارى خۆی دەربازکا، وەلێ بەداخەوە رۆژی دواتر لەبەر سەختی برینەکەی شەهیدبوو. شەهید دکتۆر عادل برایەک و هاوڕێیەکی هەرە دڵسۆز و نزیکم بوو، کە هەم کادیر و رابەری سیاسی لقی قەرەچوغی هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو، هەم فەرماندەیەکی سەربازی. شەهید دکتۆر عادل، مرۆڤێکی سادە، دەم بەخەندە، ئارام، پشوو درێژ، دڵسۆز، بەوەفا، مەزن، بوێر، خۆبەختکار، شۆڕشگێر و پێشمەرگەی راستەقینە بوو، دەتوانم بڵێم بەڕاستی پیاوی رۆژی تەنگانە و بەهاناوە هاتن بوو.

سەلاح شینە و تاقمەکەی هەر هەمان شەو واتە شەوی شەوی (1988.6.10/9)، یەکێک لە پێشمەرگە هەرە قارەمان و بە هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی بەناوی سەدرەدین فەتاح عەبدوڵلا دووشیوانی (دیبەگە) ناسراو بە (حاجی) کە خزمی رائید جەلالی بوو شەهیدکرد. سەلاح شینە، داوای لە شەهید حاجی کردبوو لەو دوانە یەکێکیان هەڵبژێرێت یان لەگەڵیاندا بچێتەوە ناو رژێم و لەگەڵ ئەوان ببێت بە جاش یان دەیکوژن، بەلام شەهید حاجی مردنی هەڵبژارد نەک گەڕانەوە بۆناو رژێم و بوون بە جاشی رژێمێکی داگیرکەری رەگەزپەرست و فاشی، ئەوەبوو سەلاح شینەو تاقمەکەی ناوبراویان شەهیدکرد.

سەلاح شینە بە شەهیدکردنی ئەو پێنج قارەمانەی شیوعی و یەکێتیی کە لە سەرەوە ناوم بردن دڵی ئاوی نەخواردەوە، بۆیە ناوچەکەی بەجێنەهێشت و نەگەڕایەوە ناو رژێم، بەڵکو بە بەردەوامی شەو و رۆژی دەنایە سەر یەک لەپێناوی راوکردنی پێشمەرگەو بەرپرسەکاندا.

دوای چەند شەوێک سەلاح شینە و تاقمە کورد و پێشمەرگە کوژەکەی، لە نزیک گوندی گەڕەبەشەی سەربە قوشتەپە تووشی دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی بە هەڵوێست و خۆشەویستی کرێکار و جووتیارانی دەشتی هەولێر دەبێت، کە کانەبی حەمەڕەشید گەڕەشێخانی (کانەبی گچکە) و ئازاد مەلا رەحمان قەتەوی ناسراو بە (مەلا ئاشتی) دەبن. کانەبی گچکە، کادیرێکی دڵسۆزی حزبی شیوعی و رابەری سیاسی لقی دەشتی هەولێری حزبی ناوبراو بوو، ئازاد (مەلا ئاشتی)، پێشمەرگەیەکی دلێر و چاو نەترسی حزبی شیوعی بوو. ئەو دوو پێشمەرگە شەهیدە بێئاگا بوون لەو تاوانەی سەلاح شینە و تاقمەکەی، بۆیە سەلاح شینە زۆر بەئاسانی هەردووکیانی بەفێڵ گرتن و بەدەست بەستراوی رادەستی ئەمنی هەولێری کردن، ئەوانیش ئەو دوو قارەمانەیان شەهیدکرد.

سەلاح شینەی کۆنە پێشمەرگە و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی نوێ، لە بۆسەیەکی تردا لە نزیک گوندەکانی بیرەجنەی سەربە شارۆچکەی قوشتەپە، دوو پێشمەرگەی گیان لەسەر دەستی تری حزبی شیوعی شەهیدکرد بەناوەکانی ئیبراهیم باداوەیی و هەژار منارەیی.

دوای ئەوەی سەلاح شینە و تاقمە دۆڕاوەکەی گەڕانەوە ناو رژێم و بوون بە مەفرەزەی تایبەتی (مەفرەزە خاسە)ی ئەمن، دواتر شەوانە دەچوونە ئەو رێگایانەی کە پێشمەرگە هاتووچۆیان پێدا دەکرد و بۆسەیان بۆ دەنانەوە بەتایبەتی لە بەستی شەرغە، یان دەچوونە سەر خێزان و بنەماڵەی پێشمەرگە لەپێناوی دەستگیرکردنی کوڕ و براو

باوکە پێشمەرگەکانیان ئەگەر بۆ سەردانی خزم و کەسیان بێنەوە یان هاتبنەوە ماڵەوە. ئەگەر هەرنا لەهەر شوێنێک گومانی هەبوونی راکردوو لە خزمەتی سەربازیان هەبوایە، بەرەو شوێنەکە دەڕۆیشتن بۆ دەستگیرکردنیان و رادەستکردنەوەیان بە دامودەزگا سەرکوتکەرەکەی ئەمن، کە ئەوانیش گوللە بارانیان دەکردن. بۆ نموونە سەلاح شینە بندیان و جاشەکانی سەربە مەفرەزەکەی، لە رێکەوتی (24.7.1988)دا، لە نزیک گوندی (کانی بزرە)دا چوار پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە خەڵکی کەرکوک-ن دەستگیرکردووە، کە بەپێی نووسراوی ژمارە (2014)ی رێکەوتی (25.8.1988)ی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای هەولێر لەگەڵ نۆ کەسی تری دانیشتووی شارۆچکەی سەربەرزی رواندزی خۆراگرن، کە لە رەشبگیریەکەی رێکەوتی (15.6.1988)ی شارۆچکەی ناوبراودا دەستگیرکرابوون، گوللە باران کراون. ئەو رەشبگیریە بە سەرکردایەتی عەمید روکن عامر ئەلزوبێدی، فەرماندەی تیپی (فرقە)ی (45)ی سەربە فەیلەقی پێنج و بەشداری رەفیقەکانی مونەزەمەی حزبی بەعس لە رەواندز، ئەمنی رەواندز، ئیستخباراتی سەربازی و کۆمەڵە جاش و مەفرەزە خاسەیەک ئەنجام درا، کە زۆرتر خەڵکی لێقەوماوانی هەندێک لە گوندەکانی دەوروبەری گرتەوە کە پەنایان هێنابوو بۆ شارۆچکەی رەواندز، لەگەڵ دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر کەسی کوردپەروەرو بەهەڵوێستی ئەو شارۆچکەیە، کە هەموویان ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (120) هاووڵاتی و دواتر (13) کەسیان گوللە باران کران. بەگوێرەی بەڵگەنامەی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا، لە ژمارە (1-4) بریتیین لەو پێشمەرگانەی کە سەلاح شینە گرتوونی و رادەستی ئەمنی هەولێری کردوون، لە ژمارە (5-13) خەڵکی رواندزن. سێزدە شەهیدەکە، کە چواری یەکەمیان پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ن و خەڵکی کەرکوکن، نۆ کەسەکەی تریش هاووڵاتی دانیشتووی رواندزن کە بریتیین لە: (ئیبراهیم خورشید محەمەد جەوەیی، حەسەن عومەر ساڵح قولی بەگی، ئەسعەد ئەحمەد حەمەد پەڵکانەیی، سەروەر هیدایەت سەوزە محەمەد، ئەمین ناوخۆش عەبدولڕەحمان، رێبوار حەسەن یوسف، شێرزاد جەبار مام شێخ، عیسا محەمەد عەلی عودیش، عەبدولڕەزاق خدر مام شێخ، وریا سەعید عەبدولڕەزاق، سەلیم ئەسعەد عەبدوڵڵا، سەردار تەها بەکر و فازڵ شافی میرزا)، کە رادەستی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای هەولێر-یان دەکەن.

سەلاح شینە، دواتر لە رێکەوتی (5.3.1989)دا بەدەستی جاشێکی ئەکرەمی جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ، راوێژکاری فەوجی سووکی (220)، کوژرا. سەلاح شینە، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (293)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.



پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی، بەهاری ساڵی (1984) گوندی گرتک و رۆستێ. ناوەکان لە چەپەوە:

1. شەهید کانەبی حەمە رەشید گەڕەشێخانی، کادیر و رابەر سیاسی لقی دەشتی هەولێر.
2. بیلال حەمە رەشید گەڕەشێخانی.
3. شاخەوان شیواشۆکی – کۆیە.

المجد للعراق العظيم

بسم الله الرحمن الرحيم

/ سـري /

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية امن محافظة اربيل
العدد / ق ش م / ٤١٢
التاريخ / ٨ / ٨ / ١٩٨٨

الى / مستشفى اربيل الجمهوري

م / جثث مخربيـــن

نرسل اليكم جثث المخربين المدرجة اسمائهم ادناه ، راجين تزويدنا بشهادات الوفاة لهم واعلامنا لطفـــاً .

مدير امن محافظة اربيل

| الاسم | التولد |
|---|---|
| ١ ، ابراهيم خورشيد حمد | ١٩٥٥ |
| ٢ ، حسن عمر صالـــح | ١٩٥٦ |
| ٣ ، اسعد احمد حمد | ١٩٥٤ |
| ٤ ، سرور هدايت سوزه محمد | ١٩٦٦ |
| ٥ ، امين تاوخوش عبد الرحمن | ١٩٥٧ |
| ٦ ، ريبوار حسن يوسف | ١٩٦٤ |
| ٧ ، شهرزاد جبار مام شيخ | ١٩٦٦ |
| ٨ ، عيسى محمد علي عويش | ١٩٦٤ |
| ٩ ، عبد الرزاق خضر مام شيخ | ١٩٦٤ |
| ١٠ ، وريا سعيد عبد الرزاق | ١٩٥٤ |
| ١١ ، سليم اسعد عبد الله | ١٩٦٤ |
| ١٢ ، سردار طه بكـــر | ١٩٦٢ |
| ١٣ ، فاضل شاني ميرزا | ١٩٥٧ |

## بەشی سێیەم

# مەمۆی شیوعی

لە بەشی سێیەمدا، مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم داڵداغانی ناسراو بە (مەمۆی شیوعی یان مەمۆی سمایل کسێری) وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم داڵداغانی، ناسراو بە (مەمۆی شیوعی یان مەمۆی سمایل کسێری)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. مەمۆ یەکێک بوو لە کادیرە کۆنە شیوعییە ناسراوەکانی هەولێر کە کاروباری رێکخستنەکانی سنووری کۆیەی بەڕێوەدەبرد، بەڵام دوای ساڵانی (1977) لەپێناوی چەند دینارێکی قەڵپی عروبە ناپاکی لە حزبی شیوعی و کوردستان کردوو، خۆی بە رژێمە رەگەزپەرست و رەفتار فاشییەکەی بەعس و سەدام فرۆشت. مەمۆی شیوعی، لە ساڵی (1982)دا بە پلانی ئەمنی عامەی بەغدا خۆی دەگەیەنێتە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان و دەیەوێت پەیوەندی بکات بە حزبی شیوعی، بەڵام ئەوان بەگومانی سیخوڕی و خۆ دۆڕاندنی ناوبراو بە رژێمی بەعس وەریناگرن و تەنانەت نزیکترین خزم و هاوڕێ کۆنەکانی خۆی لە حزب، نایانەوێ دەستەبەری (کەفالەت)ی مەمۆ بکەن، بۆیە ئەو بەناچاری ماوەیەک رووەدەکاتە ئێران و دواتر دەگەڕێتەوە و بە تاکتیک و لەپێناوی فشار خستنەسەر هاوڕێیانی حزبی شیوعی دەچێتە ناو حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و ماوەیەکی باش لای ئەوان دەمێنێتەوە. مەمۆ سەرەڕای ئەوەی لەناو سۆسیالیستدا بوو، کەچی بۆئەوەی پلانەکانی کە دەبوایە لەدژی حزبی شیوعیدا ئەنجامیان بدات، لە هەوڵی بێوچان نەدەکەوت لەپێناو وەرگرتنەوەی لەناو حزبی شیوعی ئێراقیدا، ئەوەبوو هەوڵەکانی ناوبراو سەری گرت و لە کۆتایی ساڵی (1983) و بەر لە بەستنی کۆنگرەی چواری حزبی شیوعی ئێراق (کۆنگرەی چوارەم لە رێکەوتی 10.11.1985دا لە گوندی مەرگەوەڕی خواروو بەسترا) کەسانێک وەریانگرتەوە، سەرەڕای ناقایلبوونی زۆرینە لەناو حزبدا. مەمۆی کادیر، گفتی بە حزبی شیوعی دا کە لە تۆڵەی ئەو سنگ فراوانی و لێبووردەییەی حزب بەرامبەر بەو ناپاکییانەی ئەو لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا لە حزبی کردووە، تەواوی ژیانی خۆی بکاتە قوربانی ئەو حزبە و هەوڵبدات قەرەبووی ئەو ناپاکییانە بە دڵسۆزی و بە کارکردنی لەخۆ بووردەییانە بداتەوە، بەڵام مەمۆ دیارە ئەو بەڵێن و گفتانەی زۆرتر لەبەر ئەوە بووە تاوەکو دووبارە حزبی شیوعی باوەڕ و متمانەی پێ بکاتەوە. وەلێ مەمۆی ناپاک دوای ئەوەی جێ پێی خۆی تا رادەیەک لەناو حزبی شیوعیدا قایم کرد و بەرە بەرە توانی باوەڕ و متمانەی برادەرانی بۆخۆی بگەڕێنێتەوە، زۆر لێزانانە و بە رێنمایی بەردەوامی دەزگاکانی ئەمنی عامەی بەغدا بە سەرپەرشتی ئەفسەرێکی ئەمن بەناوی (رائید شاکر)ی بەرپرسی دۆسیەی حزبی شیوعی ئێراقی و هاوکاری دەزگای ئەمنی هەولێر بە یارمەتی ئەفسەرێکی ئەمن بەناوی (نەقیب عەبدوڵڵا)ی خەڵکی رومادی، کە بەرپرسی دۆسیەی حزبی شیوعی بوو لە هەولێر، هەڵسا بە جێبەجێکردنی یەک لەدوا یەکی نەخشە و پلانەکانی دوژمن لە دژی حزبی شیوعی و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی کورد و کوردستان، کە بەشێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

مەمۆی خۆفرۆش، لە رێکەوتی (7.11.1984)دا لەگەڵ مەفرەزەیەکی ئەمنی هەولێر، دوای ئاگادارکردنەوەی ئەمنی هەولێر کادیر و پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بەناوی (تاریق محەمەد ئەحمەد دیبەگەیی ناسراو بە مولازم ئارام) لە محەتەی هەولێر شەهیدکرد و پێشمەرگەیەکیش بەناوی (ئەدهەم عوسمان محەمەد کەلهوڕ – گردەڕەشەیی ناسراو بە داود) توانی خۆی دەرباز کات، کە دواتر لە تاوانی رادەستکردنەوەی بیست و چوار پێشمەرگەکە بە ئەمنی هەولێر کەوتە داوی مەمۆ و شەهید بوو.

مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم داڵداغانی (مەمۆ شیوعی)، بە سێ جار لە شەوی (10/9-11-1984) و شەوی دواتر (11/10-11-1984) و دوا بەشیان مانگی سپتێمبەری هەمان ساڵ، هەڵسا بە گرتنی (24) پێشمەرگەی قارەمان و

هاوڕێی ڕێکخستنە نهێنییەکانی سەربەرزی حزبی شیوعی کە بریتیبوون لە سێ مەفرەزە (مەفرەزەی لقی هەولێر بە فەرماندەیی عەباس محەمەد عومەر چۆمەزەردەرەیی، مەفرەزەی لقی بەڕانەتی بە فەرماندەیی کەمال شێخ محەمەد قادر سەیدانی ناسراو بە (دڵشاد) و مەفرەزەی قەرەچوغ بە فەرماندەیی ئەدهەم عوسمان محەمەد کەلهوڕ - گردەڕەشەیی ناسراو بە داود) و چەند کەسێکی سەربە ڕێکخستنەکانی حزب، کە لە گەڕەکی کوران بوون لەناو شاری هەولێر و لە پلانێکی نامەردانەدا رادەستی ئەمنی هەولێری کردن و لە پاداشتدا خۆی کرا بە مەفرەزەی تایبەتی ئەمن و چەک، خانوو، ئۆتۆمۆبێل و پارەی وەرگرت. مەمۆ گوایە هاوکارو یارمەتیدەری ئەو پێشمەرگانەیە و بە بیانوی ئەوەی کە شوێنەکەیان باش نییە دەیەوێت لە گەڕەکی کورانی سەر ڕێگای دیبەگە - مەخمور بیانگوازێتەوە بۆ گەڕەکی راستی (عەداله)ی سەر ڕێگای کەرکوک. مەمۆ لەکاتی گواستنەوەی پێشمەرگەکاندا بە پلانی دەزگای ئەمن بە ئۆتۆمۆبێلێکی سوپەری تاکسی مۆدیل (1981)ی ژمارە (3337 هەولێر)، کە شوفێرەکەی (نەقیبب عەبدوڵڵا رومادی) بوو دوو دوو یا سێ سێ دەیبردن و لە ماڵەکەی گەڕەکی عەداله، کە ماڵی حوسێن مەحمود کەریم بلْباسی ناسراو بە (حوسێن زیل) ی برای نایف مەحمود کەریم بلْباسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (80)ی سەربە بە ئەمنی هەولێر بوو دایدەنان. حوسێن زیل و نایف مەحمودی برای هەردووکیان سەربە ئەمنی هەولێر بوون، حوسێن زیل بکوژی پێشمەرگەی ناسراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (محەمەد عەجەم 10.4.1978) بوو، کە دواتر لە ساڵی (1985)دا لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و لە تۆڵەی کوشتنی کەسێکی سەربە هۆزی سیان، لەگەڕەکی کوران جادەی ئەلبان لە لایەن سیانەکانەوە کوژرایەوە. ئەو پێشمەرگانەی کە لە کوران دەگواسترانەوە بۆ ماڵی حوسێن زیل کە ماڵەکەیان بۆ ئەو مەبەستە چۆلکرابوو، بیبسی بێهۆشییان دەدانێ و دوای خواردنەوەی بیبسییەکان و بێهۆشبوونی پێشمەرگەکان دەستبەجێ دەگواسترانەوە بۆ ئەمنی هەولێر. کاتێک کە شەهیدان تاڵیب یابە محەمەد داود یەدی قزلەری ناسراو بە (عادل) و فازڵ سەعدی بەهائەدین قۆڕیتانی ناسراو بە (سەرباز) و پێشمەرگەیەکی عارەب بەناوی فیکرەت خەڵکی گەڕەکی سەورەی بەغدا بوو دەگوازنەوەو بیبسیان دەدەنێ، هاوڕێ فیکرەت هەست بە تامی بیبسییەکە دەکات و هاوار دەکات: (هاوڕێیان ئەوە بێهۆشکەرە - رفاق هذا مخدر)، دەستبەجێ هاوڕێیان سەرباز و عادل دەست بۆ چەکەکانیان دەبەن و تەقە دروست دەبێت، دوو ئەمن دەکوژرێت و یەکێکیشیان بریندار دەبێت، جێگەی داخە کە هاوڕێیان سەرباز و عادل بەدەستی مرۆڤ کوژەکانی بەعس شەهید دەبن و دەگەنە کاروانی سەربەرزی شەهیدان. کەچی هاوڕێ فیکرەت یەکسەر بەسەر دیواردا ئاودیو دەبێت و خۆی لەدەستی ئەمنەکان رزگار دەکات، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ناشارەزایی لە هەولێر دەچێتە ماڵێک و لەوێ دەکەوێت و بێهۆش دەبێت، ئەندامانی ئەو خێزانە بێئاگا لە کێشەی هاوڕێ فیکرەت بە پەلە دەیگەیەننە نەخۆشخانە لەپێناوی چارەسەرکردنی، بەڵام لە نەخۆشخانە دوای پشکنین بۆیان دەردەکەوێت کە مادەی بێهۆشی دراوەتێ، بۆیە نەخۆشخانە بەبێ ئەوەی هیچ لەو کێشەیە بزانن پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەن، ئەمنی هەولێریش ئاگاداری پۆلیسی کردۆتەوە کە کەسێکی وا رایکردووە، بۆیە پۆلیس هەواڵەکە دەدات بە ئەمن و چەند پۆلیسێک دەکەنە پاسەوان بەسەر سەری هاوڕێ فیکرەت. دوای ئەوەی هاوڕێ فیکرەت دێتەوە هۆش خۆی، دەبینێت لە نەخۆشخانەیە و چەند پۆلیسێک ئێشکگرن بەسەر سەریەوە، ئەوەندەی پێناچێت مومۆی شیوعی و مەفرەزەیەکی ئەمن دەگەنە نەخۆشخانە و هاوڕێ فیکرەت دەبەن. دوای ئەو ڕووداوە نۆرەی گواستنەوەی فەرماندەی مەفرەزەی لقی هەولێر هاوڕێ عەباس محەمەد عومەر چۆمەزەردەرەیی دێت، بەڵام کە دەگەنە گەڕەکی عەداله، هاوڕێ عەباس جۆمەزەردەرەیی هەست بە جولەیەکی نائاسایی دەکات، بۆیە نایەوێت بچێتە ژوورەوە و لەگەڵ ئەمنەکان دەبێتە شەڕە تەقەی و ئەویش شەهید دەبێت. لەو (24) پێشمەرگە و هاوڕێی ڕێکخستنەی حزب، سێ پێشمەرگەیان لە گەڕەکی عەداله شەهیدبوون، ئەمانەی خوارەوە کە ناوەکانیان بۆم زانراوە، لە دوای تەنیا (48) کاتژمێر بەسەر دەستگیرکردنیان دەیانبەن بۆ بەغداو، پاشان لە ڕێکەوتی (2.4.1985)دا لە دادگای بەناو سەورەی شاری بەغدا لەلایەن عەواد حەمەد ئەلبەندەری جەللاددا سزای لە سێدارە دانیان بۆ دەبڕدرێتەوە: (عەباس عەبدوڵڵا خدر تۆبزاوەیی ناسراو بە (سەرباز)، جەعفەر عەلی خدر تۆبزاوەیی ناسراو بە (ڕێبوار) ئامۆزای

عەباس عەبدوڵڵا، فەهد ئەلیاس ناسراو بە (فەرهاد مەسیحی)، زوهێر بەهنام ئۆسا ناسراو بە (نەبەز مەسیحی)، کاکل محەمەد رەسوڵ عەلی کەلهوڕ – قوڵتەپەیی ناسراو بە (بڕیار)، عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەبدوڵڵا عەلی کەلهوڕ (قوڵتەپەیی) ئامۆزای بڕیار، سەلاح ئەحمەد عەلی سەیدانی – بەڕانەتی و دوو پێشمەرگەی عارەبیشیان لەگەڵ بووە کە یەکێکیان ناوی عەلائەدین حوسێن خەڵکی ناسریە و ئەوی تریان فیکرەت خەڵکی سەورەی بەغدا بووە، بەلام بەداخەوە ناوی پێنج پێشمەرگەکەی تر بۆمن نەزانراوە). ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لەکاتی لێکۆڵینەوە و ئازار و ئەشکەنجەی دائیرەی ئەمنی هەولێر، نموونەی پێشمەرگە و مرۆڤی خۆڕاگر، نەبەز، نهێنی پارێز و خۆبەختکار بووینە بەتایبەت شەهیدی ئازاو کۆڵنەدەر شەهید عەباس عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە سەرباز، کە کادیرێکی هۆشیار و بەتوانای حزبی شیوعی بوو، گاڵتەی بە هەموو ئامێر و شێوازەکانی ئازار و ئەشکەنجەی رژێمی فاشی و رەگەزپەرستی عروبەی سەدام دەهات، جەلادەکان زۆرتر ئازاری ئەویان دەدا، چونکە کەسێکی سیاسی و کادیری رێکخستن بوو لەپێناوی ئەوەی ناوی ئەندامانی رێکخستنە نهێنییەکانی حزبی شیوعی هەولێریان بۆ ئاشکرا بکات، هەروەها داوایان لێکردبوو کە هاوڕێ فەهد بە سەگی سوور ناو ببات، بەلام هاوڕێ عەباس عەبدوڵڵا (سەرباز) لە وەلامدا بە جەلادەکانی گوتبوو: (نیوەی هەولێر زۆرتر شیوعییە، ناوەکانی یەکە بەیەکەی رێکخستنەکانی خۆمان دەزانم، بەلام هیچتان پێ ناڵێم و بەهۆی ئەشکەنجەی فاشییانەی ئێوەش هیچ نهێنییەک نادرکێنم، هەروەها هاوڕێ فەهد مرۆڤێکی مەزن بووە، وەلێ بەعس و سەدام سەگی رەشن). هەروەها هەموو ئەوانەی لەگەڵ شەهید ئەدهەم عوسمان محەمەد کەلهوڕ (شەهید داود)ی فەرماندەی مەفرەزەی قەرەچوغ بووینە، گەواهی ئەوە دەدەن کە هاوڕێ داود قارەمانی زیندان و چاونەترسی بەردەم جەللادی خوێنڕێژ عەواد حەمەد بەندەری بەناو سەرۆکی دادگای سەورە بووە، کە سەدان قسەی بە بەعس، سەدام و بەناو دادگا قەرەقوشییەکەی سەدام – عەواد بەندەر گووتووە. لە هەمان رۆژ واتە (2.4.1985)دا پێنج هاوڕێی قارەمان بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کران و دواتر بە لێبووردنی گشتی لە ساڵی (1986)دا ئازاد کران، کە ئەمانە بوون: (شێرزاد مەجید ئیسماعیل قەلاتەسۆرانی، عەلی عوسمان محەمەد ساتوریی ناسراو بە (سەید عەلی)، عەبدولحەمید عەبدولقادر (یارمەتیدەری پزیشک – معاون الطبي)، عەبدولقادر عەزیز و یەحیا عوسمان محەمەد کەلهوڕ گردەڕەشەیی). دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو چواردە پێشمەرگەیەی شیوعی، ئەوەبوو هەر هەموویان بەیەکەوە لە رێکەوتی (5.6.1985) لە سێدارە دران، بەلام تەرمی پیرۆزی یازدە ماندوو نەناس دوای نزیکەی هەژدە ساڵ دوای لە سێدارە دانیان لە رێکەوتی (11.6.2003)دا لە گۆڕستانی ئەبوغرێب لە پارێزگای بەغدا دۆزرایەوە، دوای ئەوەی لەدوای پرۆسەی ئازادی لە رێگای رۆژنامەی برایەتی ناوی بەشێک لە شەهیدەکان و شوێنی گۆڕەکانیانی دەستنیشان کرابوو، تەرمی شەهیدەکان لە گۆڕستانی ئەبوغرێب لە مەراسیمێکی شکۆداردا گواسترایەوە بۆ باشووری کوردستان و لە شاری هەولێر بە خاک سپێردران.
هەروەها مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم (مەمۆ)، دوو تێکۆشەرو رەنجدەری دەشتی هەولێری بەناوەکانی قادر عوسمان رەزا ناسراو بە (هەڵۆ)، پێشمەرگە لە لقی خۆشناوەتی حزبی شیوعی لە رێکەوتی (12.12.1984) و خالید مەجید یاسین گردعازەبانی ناسراو بە (خالیدی نانەوا) لە رێکەوتی (15.12.1984)دا بەگرتدا، کە سەربە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی بوو، دواتر هەردووکیان بەیەکەوە لە رێکەوتی (2.4.1985)دا لەگەڵ نۆزدە قارەمانەکەی سەرەوەدا کە چواردەیان بە مەرگ و پێنجیان بە زیندانی هەتا هەتایە سزا دران، لە بەناو دادگای سەورە بڕیاری خنکاندنیان بۆ دەرچوو، کە دواتر هەر لەگەڵ چواردە پێشمەرگەکەی پێشوو کە لە سەرەوەدا ناوم بردن بە یەکەوە لە رێکەوتی (5.6.1985)دا لە بەغدا لە سێدارە دران و گەیشتنە کاروانە سەربەرزەکەی شەهیدانی کوردو کوردستان. دوای نزیکەی هەفتەیەک بەسەر تێپەڕبوونی لە سێدارە دانیان، جەلادەکانی بەعس تەنیا تەرمی ئەو دوو شەهیدەی دواییان لە رێکەوتی (11.6.1985)دا دایەوە بە کەسوکارەکانیان.
مەمۆ شیوعی، لە سەرەتای ساڵی (1985)دا، لە بازگەی کانی قرژاڵەی نێوان هەولێر – موسڵ لە بۆسەدا بۆ پێشمەرگەی تێکۆشەر ساڵح محەمەد سوێری – گوێڕی ناسراو بە سەباح، پێشمەرگەی سریەی خۆشناوەتی

دانیشتبوو، کە بەدوای سۆراغی ئەو هاوڕێیانەی هەر سێ مەفرەزەکانی لقەکانی هەولێر، قەرەچوغ و بەڕانەتی داهاتبوو دەستگیریکرد. دیارە مەمۆ پێشتر زانیاری هەبووە کە پێشمەرگەی ناوبراو بەوێدا دێت، بۆیە کاتێک ساڵح محەمەد سوێری دەگاتە بازگەکە، مەمۆ پێی دەڵێت: (ساڵح سوێری وەرە خوارێ تۆ پێشمەرگەی شیوعی). کۆمەڵێک ئەمن بە چەکەوە پەلاماری هاوڕێ محەمەد سوێری دەدەن، قۆڵبەستی دەکەن و دەیبەن، کە تاکو ئێستاکە بێسەرو شوێنە.

مەمۆی ناپاک، لە مانگی (5)ی ساڵی (1985)دا، هێزێکی گەورەی ئەمن و تەواری هەولێری بردە سەر ماڵی یەکێک لە ئەندامی ڕێکخستن و هاوڕێیانی حزبی شیوعی بەناوی عوسمان حەمەدئەمین یەدی قزلەری ناسراو بە (عوسمانە سوور) لە گەڕەکی کوران کە کادر و تێکۆشەری قارەمان یوسف شێخ محەمەد قادر سەیدانی – بەڕانەتی ناسراو بە (پێشڕەو) لەو ماڵە بوو، دوای شەڕێکی زۆر قارەمانانە و بەسزاگەیاندنی دوو ئەمنی سەدام، پێشمەرگەی ئازا کاک (پێشڕەو)ی برای شەهید کەمال شێخ محەمەد قادر سەیدانی ناسراو بە (دڵشاد)، فەرماندەی مەفرەزەی لقی بەڕانەتی کە پێشتر کەوتبووە داوی مەمۆ، شەهید دەبێت، بەڵام خۆشبەختانە عوسمانە سوور توانی خۆی دەرباز بکات.

لە ساڵی (1986)دا تاوانباری خۆفرۆش مەمۆ، هاوڕێیەکی تێکۆشەری کچی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە هەولێر بۆ دائیرەی ئەمن دەستنیشان دەکات بەناوی هاوڕێ ئەدیبە نەجمەدین مامۆ حەمەد هەریری. دوای ئەوەی هێزێکی ئەمن دەچن بۆ گرتنی بنەماڵەی پشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بەناوی تەها نەبی شەقلاوەیی ناسراو بە (مام خاڵۆ شەقلاوەیی) لە گەڕەکی ئازادی هەولێر، بەڕێکەوت ئەدیبە نەجمەدین مامۆ لەو ماڵە دەبێت. ئەمنەکان ئەدیبە نەجمەدین مامۆش لەگەڵ خۆیان دەبەن، ناوبراو بۆئەوەی نەگیرێت ناوی خۆی دەگۆڕێت و دەیکات بە جەمیلە، بەڵام بۆ دڵنیابوون ئەمنی هەولێر پەنا دەبەنە بەر مەمۆی شیوعی، ئەویش زۆر نامەردانە بە ئەمنەکان دەڵێت: (ئەوە ئەدیبە نەجمەدین مامۆ حەمەد هەریرییە، باوکی ئەدیبە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی ئێراقە و خۆیشی لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کاردەکات). بەڵام ئەدیبە خان سەرەڕای ئەشکەنجە و ئازاردانی زۆر لە لایەن جەلادەکانی بەعسەوە نکۆڵی لە هەموو شتێک دەکات و هیچ نهێنییەک نادرکێنێ، کەچی لەسەر قسەکانی مەمۆی ناپاک لەسەر ناوبراو، بۆماوەی دوو ساڵ سزای زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە و ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ دەکرێت، دواتر لە لێبووردنە گشتییەکەی ڕێکەوتی (6.9.1988)دا ئازاد دەکرێت.

ئەوەی شایەنی باسی بگوترێت و ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە سەرەڕای خۆفرۆشتنی مەمۆ بە دوژمن و ناپاکی کردنی لە هاوڕێ و لە بنەماڵەی دۆستەکانی خۆی کە لەیەک ناوچە لە دایک بووینە و بە یەکەوە گەورە بووینە، مەمۆ بە بەردەوامی لە ماڵی ئەوان و ئەوان لە ماڵی مەمۆ بووینە، کەچی زۆر نامەردانە بۆماوەی چەند مانگ مەمۆ بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی وا تێگەیاندبوو کە کوڕەکانیان بەکاری حزبی لە شوێنێک خۆیان شاردۆتەوەو، بەڕێوەبەرێتی ئەمنی عامەی بەغدا نامەیەکیان بەزۆر بە شەهید جەعفەر عەلی خدر (ڕێبوار) نووسیبوو، لە نامەکەدا هاتبوو کە گوایە ئەوان تەندروستیان باشەو لە شوێنێکی ئارام لەناو شاردان لەپێناوی ڕاپەڕاندنی کارەکانی حزبدا، کە لە ڕێگەی پیاوانی کوردی سەربە ئەمنی عام، نامەکە گەیاندرابووە خانەوادەی شەهید جەعفەر (ڕێبوار).

مەمۆ دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) کوردستانی جێهێشت و پەنای بۆ بەغدا بردو دواتر گەڕایەوە موسڵ، ئەو لەوێش هەر لە خزمەت ئاغاکانیدا بوو. دوای ڕاپەڕینی کوردپەروەر و کوردانی دڵسۆزی هەولێر لە ڕێکەوتی (11.3.1991)دا، هەندێک لە ئەندامان و پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی پەلاماری ماڵی مەمۆیان دا، بەڵام ئەو تاوانبارە هەولێر و کوردستانی جێهێشتبوو، کەچی لە ماڵەکەیدا نامەیەک دۆزرایەوە کە ئەو تاوانبارە بۆ سەدامی دیکتاتۆری نووسیبوو. لە نامەکەدا مەمۆ باسی ئەوەی کردبوو کە لە ساڵی (1982)ەوە پەیوەندی بە ئەمنی هەولێرەوە کردووەو، لە نامەکەدا سکاڵای لە فرۆکەوانێکی هەلیکۆپتەر کردبوو کە لە ساڵی (1982)دا لەجیاتی ئەوەی بارەگای حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان لە گوندی (میرکە) بۆردومان بکات کە بنکەی هێزەکەی (دەهام حەمەد باوە)ی لێبووە، ڕانە مەرێکی بۆردوومان کردووە. حزبی شیوعی، بنەماڵەی شەهیدەکان و هاوڕێ دڵسۆزەکانیان دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی (1991)دا لە تۆڵەی ئەو پۆلە شەهیدەی حزبی شیوعی، شیوعییەکان چەند کەسێکیان لەو بنەماڵەیە

بەسزای ناپاکی کردنی خۆیان گەیاند کە گرنگترینیان برایەکی مەمۆ بەناوی خورشید ئیسماعیل ئیبراهیم و ئامۆزایەکی بوو بەناوی (حوسێن سکە)، بەڵام بەداخەوە مەمۆ و برایەکی مەمۆ بەناوی رەشید ئیسماعیل ئیبراهیم دالّداغانی، کە هاوکاری مەمۆ بووە و لە ساڵی (1984)دا دەچێتە گوندی (سەیدان)ی بەرانەتی کە سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی لەو گوندە دەبن، رەشید ئیسماعیل بەناوی رەشۆ خۆی بەو سێ پێشمەرگە دەناسێنی کە بریتیبوون لە (فەهد ئەلیاس ناسراو بە (فەرهاد مەسیحی)، زوهێر بەهنام ئۆسا ناسراو بە (نەبەز مەسیحی) و فیکرەت خەڵکی سەورەی بەغدا)، داوایان لێدەکات کە بیانگوازێتەوە بۆناو شار بە بیانوی ئەوەی کە جێگەکەیان باش نییە، پێشمەرگەکان لەگەڵ رەشید ئیسماعیل (رەشۆ) دەڕۆن و ئەو دەیانباتە کوران لای پێشمەرگەکانی تری حزبی شیوعی دایان دەنێت، تاوەکو نەخشە و پلانی براکەی سەرکەوتوو تر بێت و دەستگیرکردنی ئەوان ئاسانتر بێت.
دوای سەرکەوتنی راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەدژی رەفتاری رەگەزپەرستانە و فاشییانەی بەعسی عروبە لەدژی دانیشتوانی باشووری کوردستان، مەمۆی خۆفرۆش و رەشیدی برای، رایانکرد بۆ لای ئاغا زەلیلەکانیان و لە بەغدا و موسڵ مانەوە تا دوای رووخانی رژێمی سەدامی خوێنرێژ، بەلام دوای ماوەیەک مەمۆ ئەوێشی بەجێهێشت، ئێستاکە لە وڵاتی سوریایە. کەچی تاوانبار رەشید ئیسماعیل ئیبراهیم دالّداغانی برای مەمۆ، کە لە دادگای هەولێر لە لایەن بنەماڵەی شەهیدانی حزبی شیوعی سکاڵای لەسەر تۆمار کراوەو فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، ئێستاکە لە دەوروبەری شاری دیالەیە و جار جار بەدزی دێتەوە هەولێر.



بارزان بەهاری ساڵی (1984)، پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە چەپەوە:

1. شەهید عەباس عەبدوڵڵا خدر(سەرباز)، رابەری سیاسی.
2. شەهید جەعفەر عەلی خدر (رێبوار).
3. بەهرام ئەکرەم دوستەپەیی (دڵزار).



پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە چەپەوە:

1. ئازاد مورتکەیی (بۆتان گچکە - نەرویج).
2. شەهید عەباس عەبدوڵڵا خدر(سەرباز)، رابەری سیاسی.
3. واحێد خدر.



پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی:

1. شەهید جەعفەر عەلی خدر (رێبوار).
2. شەهید عەباس عەبدوڵڵا خدر(سەرباز)، رابەری سیاسی.
3. ئەیوب حەمەد رەسوڵ (فورات).
4. نەناسراو.
5. نەناسراو.



پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە کاتی مەشقکردن، گۆڕشینە - سیدەکان 1983:

1. شەهید نەوشیروان رەجەب رەحمان (نەهرۆ رەجەب)، کە یەکێک بوو لە پێشمەرگە هەرە قارەمانەکانی حزبی شیوعی، لە هەموو نەبەردەکاندا لە دەستەی هێرش بوو، لە رزگارکردنی کەرکوک و بەرگری لەو شارەدا بەشدار بوو، بەداخەوە لە رێکەوتی (27.3.1991)دا کە بە پاوە شەڕی کۆپتەرەکانی دوژمنی فاشی دەکرد، لەگەڵ شەهید مولازم شێرزاد سلێمان گۆڵتەپەیی بەیەکەوە شەهید بوون.
2. شەهید جەعفەر عەلی خدر (رێبوار).
3. غەریب گچکە.
4. شەهید سڵاح ئەحمەد عەلی سەیدانی.
5. شەهید ساڵح محەمەد سوێری (سەباح)، لە بازگەی کانی گرژاڵە دەستگیرکراو بێسەرو شوێن کرا.

## بەشی چوارەم

# عەباسی بایزی باڵو ئاغا

لە بەشی چوارەمدا، عەباسی بایزی باڵو ئاغا وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.
عەباس بایز باڵو ئاغا، راوێژکاری فەوجی (91)ی فەوجە سووکەکان بوو، کە فەوجەکەی لە ساڵی (1986)دا دامەزراند بەڵام پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەربە ئیستخباراتی قەڵادزێی هەبووە. عەباس بایزی ئاکۆ، وەکو فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات و سەرۆک جاشێکی دڵسۆزی بەعس و سەدام کۆمەڵێک تاوانی زۆری ئەنجام داوە، کە بەشێکیان ئەمانەن:
شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکەوتی (25.6.1977)دا لە گوندی ماخۆبزنان لە بۆسەیەکی جاشەکانی عەباسی بایزی باڵودا، بەناوەکانی عومەر عەبدوڵڵا عومەر مەلا باوانێیی و کانەبی رەسوڵ کانەبی ناودەشتی، هەروەها بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی تر بەناوی عەبدوڵڵا حاجی شێخە عەبدوڵڵا گرتکی کە تا ئێستاکە لە ژیاندا ماوە.
سەرۆک جاش عەباس بایز باڵو ئاغای ئاکۆ، لە بۆسەیەکدا کادیری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و پێشمەرگە لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیمی لە ساڵی (1978)دا لە نزیک ئاوایی بەستەسێن دەستگیرکردو رادەستی بەعسی کردەوە، کە دواتر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، پاشان حکومەتی سەدام لە ساڵی (1979)دا لە موسڵ خنکاندیان.
لە بۆسەیەکی جاشەکانی عەباسی بایزدا لە رێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگومان)ی پشدەر کە هێزێکی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بە سەرکردایەتی حاجی حاجی برایم شیرخۆر، کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتی حزبی ناوبراو بوو کەوتنە ناو بۆسەکەو، عەباس ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (9)ی سەربە ئیستخباراتی قەڵادزێ و جاشەکانی توانیان نۆ پێشمەرگە بەدیل بگرن کە ئەمانە بوون: (حەسەن سوور ژاراوەیی، حەسەن حوسێن حەسەن پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد، خدر حەمەسوور مستەفا پشدەری (خەڵکی دێی بادینی)، رەسوڵ سلێمان سەنگەسەری، محەمەد هەمزە قەجەر ژاراوەیی، مەحمود حاجی محەمەد عەبدوڵڵا پاچکاری، فەقێ عەبدوڵڵا فەقێ، عەبدوڵڵا هەمزە بێشیری و عەلی حەمەدئەمین خروێلکە - سوڵتانەدێ)، کە دواتر هەموویان لە رێکەوتی (30.12.1980)دا بەیەکەوە لە سێدارە دران، کە لە هەردوو مانگی نۆڤێمبەر و دیسێمبەری هەمانساڵدا، بەندە ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی لە زیندانی قەسابخانەی موسڵ بینی، کە ئامۆزا و برایەکم لە رێکەوتی (29.10.1980)دا رەوانەی ئەو زیندانە کران، کە دواتر لە (21) و (26)ی مانگی مایسی (1981)دا لە سێدارە دران.
شەهیدکردنی هاووڵاتییەک لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەربە ئیستخباراتی سەربازی قەڵادزێ، بەناوی مام کانەبی لە ساڵی (1980)دا لە پشت سەنگەسەر.
عەباسی بایز، لە مانگی ئابی ساڵی (1981)دا هەڵسا بە شەهیدکردنی سلێمان حەمەدئەمین (کێخوا سلێمان) موختاری سەنگەسەر لەپێناوی ئەوەی کێشە بخاتە نێوانی بنەماڵەی ناوبراو و بنەماڵەی حەسەنە گەورە.
عەباس ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی ئیستخباراتی قەڵادزێ، لە رێکەوتی (27.9.1981)دا مامۆستا ئەمین حەسەن ئەحمەد (ئەمینی حەسەنە گەورە)ی برای مستەفا حەسەنە گەورەی نووسەر و ئەندامی (رێکخراوی

چاودێری کوردۆساید – چاک)ی لەناو شارۆچکەی سەنگەسەر شەهیدکرد، کە ناوبراو سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.

شەهیدکردنی دوو برا بەیەکەوە بە ناوەکانی ڕەسوڵ سلێمان مینەو حاجی سلێمان مینە، لەلایەن عەباسی بایزی باڵو ئاغاو جاشەکانی لە ساڵی (1982)دا لە گوندی گرتک.

شەهیدکردنی سەید حەسەنی دوکاندار (شیوعی) بە فەرمانی عەباس بایز ئاغا و لەلایەن جاشەکانیەوە لە بەردەم چاوی دانیشتوانی سەنگەسەر و ژن و منداڵەکانیدا لەکاتی خۆنیشاندانە سەرانسەرییەکەی باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (24.4.1982)دا بەبۆنەی حەوتەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا، تەنیا لەبەرئەوەی بە عەباسی بایز ئاغاو جاشەکانی گووتبوو: (تەقە لەو خەڵکە مەکەن کە خۆنیشاندان دەکەن، بۆ تەقەیان لێدەکەن).

شەهید کردنی قادر لاجانی کوردی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی (1982)دا، لەلایەن عەباسی بایزی باڵو بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانی لە سەنگەسەر و بریندارکردنی میوانێکی شەهیدی ناوبراو کە خەڵکی مەهاباد بوو و لە ئەنجامی سەختی برینەکەی قاچێکی برایەوە.

عەباسی بایز ئاغا، لە ڕێگای سیخوڕێکەوە بەناوی جەلال حەمەدئەمین سەروچاوەیی، دوو پێشمەرگەی چاونەترس و ئازای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کە ئامۆزا بوون بەناوەکانی شەهید محەمەد حەسەن ئەحمەد و حەسەن حوسێن ئەحمەدی لە ڕێکەوتی (23.7.1983)دا لە نزیک گوندی سەید ئاوای ڕانیە شەهیدکردن، کە براو ئامۆزای مستەفای حەسەنە گەورەن. دواتر عەباس بایز ئاغا، هەر خۆی جەلال حەمەدئەمین سەروچاوەیی سیخوڕ و بکوژی ئەو دوو پێشمەرگەیەی کوشت.

عەباس بایز باڵو ئاغا، لە ساڵی (1984)دا و لە کاتی گفتوگۆی یەکێتیی و بەعسدا، دوو پێشمەرگەی یەکێتیی لە دەربەندی ڕانیە شەهیدکرد، کە پێشمەرگە بوون لای عەبدوڵڵا عەلی ئیبراهیم حوسێن ناسراو بە عەبدوڵڵا مام عەلی ڕانیەیی، کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لیستی کوردستانی نوێنەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

سەرۆک جاشی فەوجی نەوەد یەک عەباسی بایزی باڵو ئاغا، کۆمەڵێک پێشمەرگەو هاوڵاتی تری شەهیدکردووە کە ڕۆژ و ساڵی شەهید کردنیان بۆمان دیار نییە بۆیە ناوەکانیان بەیەکەوە دەنووسم، کە بریتیین لە: (شەهیدکردنی ئەحمەد قادر قەمچوغەیی. شەهیدکردنی ئومێد ڕەسوڵ سونەیی. شەهیدکردنی برایەک و ئامۆزایەکی سەردار ڕەسوڵ حەمەد ماخۆبزنانی. شەهیدکردنی پیرۆت عەولا شێخە پێشمەرگەی یەکێتیی. شەهیدکردنی حاجی پیرۆت حەمەد. شەهیدکردنی حەسەن ئەمین ساڵح ژاراوەیی. شەهیدکردنی حەمە ئەبوبەکر چاوشین ژاراوەیی (پێشمەرگە). شەهیدکردنی خدر حەسەن فەقێ ژاراوەیی. شەهیدکردنی ڕەسوڵ شێخە عەبدوڵڵا. شەهیدکردنی ڕەسوڵ حاجی ئاڵایی زەنگڵانی و کوڕەکی. شەهیدکردنی ڕەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی. شەهیدکردنی ڕەمەزان سوورە ڕەمەزان. شەهیدکردنی ساڵح ئیسماعیل سەنگەسەری. شەهیدکردنی سلێمان موراد کاکە عەبدوڵڵا. شەهیدکردنی سەعید حەسەن شیوعی. شەهیدکردنی عەبدوڵڵا ئەحمەد. شەهیدکردنی مامێکی نەبی عومەر قادر گرتکی سەنگەسەری. شەهیدکردنی محەمەد ئەبوبەکر. شەهیدکردنی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە مام فەقێ. شەهیدکردنی محەمەد کەمال (شیوعی). شەهیدکردنی میرە عەباس مامەند ڕانیەیی. شەهیدکردنی کانەبی ڕەسوڵ کانەبی باوانێیی. شەهیدکردنی کوڕی عەبدوڵڵا تاپڕ (شیوعی). شەهیدکردنی کوڕی وەستا عەزیزی دۆڵێ. شەهیدکردنی ژنێک بەناوی فاتیمە سەعید لەناو سەنگەسەر. شەهیدکردنی فەقێ عەبدوڵڵا) – سەرچاوە: مستەفای حەسەنە گەورە، بەرماڵەکەی حەزرەتی عەباس و شۆڕشگێڕییەکەی سەرانی کورد، ماڵپەڕی کوردستان پۆست، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.1.2010) + ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (220)، ڕێکەوتی (3.3.2007)، ل8 + ژمارە (225)، ڕێکەوتی (14.4.2007)، ل6).

هەروەها عەباس بایز برایەکی مام جەلال حوسامەدین تاڵەبانی بەناوی شێخ حەمەساڵح تاڵەبانی و دوو کچی

ناوبراوی بەناوەکانی نازدار شێخ حەمەساڵح و هێرۆ شێخ حەمەساڵح لە شەوی جەژنی رەمەزان ریکەوتی (30.6.1984)دا لە گوندی کەلکان شەهید کردووە، ئەوەش گوایە لە تۆڵەی کوژرانی دوو خوشکەزای عەباس ئاغا بەناوی کانەبی کە لە مانگی یونی ساڵی (1984)دا لە گوندی گردجانی سەربە بتوێن کوژرا، کە دواتر ئازادی حەمەی گەمحانی سەرتیپی (99)ی بتوێنی پێ تۆمەتبار کرا، کە ئەویش پاش ماوەیەک شەهیدکرا.

شەهیدکردنی سەید رەسوڵی بابە گەورە (سەید رەسوڵی دێهقانی) لە ریکەوتی (11.1.1988)دا لە گەڕەکی هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی، سەید رەسوڵ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە رابەرایەتی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو جیا بووەوە و لە سلێمانی دانیشتبوو.

فەوجی (91)ی جاشە سووکەکانی عەباس بایز باڵو ئاغا، بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، ریکەوتی (17.4.1988)و، سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148+166).

لە ساڵی (1994)دا عەباسی بایزی باڵو ئاغا و جاشەکانی، لەکاتی بەرێکردنی هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرشتی قادری حاجی عەلی لە رێگای سەنگەسەرەوە بەرەو حاجی ئۆمەران، کە شەڕی نێوانی یەکێتیی و پارتی لە سەرەتادا بوو، لە گەڕەکی جاشاوەی عەباس بایزدا (کە دوای دەرپەڕاندنی عەباس ئاغا ناوەکەی گۆڕا بۆ ئازادی) تەقەیان لە هێزەکەی یەکێتیی کردوو دوو پێشمەرگەیان شەهید کرد، کە سەربە هۆزی هەمەوەندی و دانیشتووی چەمچەماڵ بوون. لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا پەلاماری عەباسی بایزی باڵو ئاغا بدات، بەڵام ئێران فشاری زۆری بۆ یەکێتیی نیشتمانیی هێناو، مام جەلال بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە.

عەباسی بایزی باڵو ئاغا، لە ساڵی (1995)دا لاوێکی شاری خانەی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەناوی ئاکۆ شەهیدکرد.

هەروەها عەباس بایز باڵو ئاغا،

فەرماندەی فەوجی (91)ی فەوجە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (108)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەباس بایز بالو ئاغا، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ریکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێر بەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە ریکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە. عەباسی بایزی باڵو ئاغای کۆنە سەرۆک جاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان، ئێستاکە بەرپرسێکی بەرزی سەربازی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەو بەدەیان سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە لەلایەن کەسوکاری قوربانییەکانی دەستی ئەو راوێژکارە تاوانبارە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە نییە رادەستی دادگای بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی ئەو پارتە مەسعود بارزانی، هەردەم ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە: (یاسا لە کوردستان سەرووەرە و یاسا لە سەرەوەی هەموو کەسێکەوەیە).



شەهید محەمەد حەسەن ئەحمەد
23.7.1983



**شەهید مامۆستا ئەمین حەسەن ئەحمەد**
27.9.1981

# بەشی پێنجەم

## خالیدی خولەسوور

لە بەشی پێنجەمدا، خالد مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور) وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

سەرۆک جاشی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان، خالد مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە ناسراو بە (خالیدی خولە سوور). ناوبراو دوای هاتنەوەی بۆناو رژێم لە ناوەڕاستی ساڵی (1980)دا، بووە خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی سەربە ئیستخباراتی شیمالی ژمارە (74) و تا ساڵی (1985) فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە بووە، هەرچەندە ناوبراو بەر لە دەرچوونی بۆناو پێشمەرگە لە رێکەوتی (7.6.1979)دا هەر لە ساڵی (1977)ەوە جاش و مەفرەزەی خاسە بووە.

خالیدی خولەسوور، دواتر فەوجی ژمارە (96)ی جاشە سووکەکانی وەرگرت و ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، ماوەیەکیش باوکی راوێژکاری فەوجەکە بووە، جێگری راوێژکاری فەوج هەریەک لە ئەحمەد حەمە عێزەت و ئەحمەد محەمەد مەحمود بووینە.

مەریوان هەڵەبجەیی، نووسەری پەرتووکی (سێکس و شەرع و ژن)، لە وتارێکدا بەناوی (لە نێوان من و خالید خولە سووردا نامەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ برایانی کوردۆساید، زیندانییە سیاسییەکان)دا، کە لە رێکەوتی (31.8.2009)دا لە ماڵپەڕی رێکخراوی چاودێری کوردۆساید بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1979)دا کاتێک کە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو بە کاری رێکخستن هاتۆتەوە شاری هەڵەبجە، خالیدی خولەسوور و جاشەکانی سەربە مەفرەزەکەی لە بۆسەیەکدا بە بریندراری بەدیلی دەگرن و رادەستی بەعسی دەکات، کە دواتر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، وەلێ خۆشبەختانە سزاکەی بۆ دەکرێت بە پازدە ساڵ و پاشان لە ساڵی (1982)دا ئازاد دەکرێت.

خالیدی خولە سوور، زۆر شانازی بەوەوە دەکات کە لەسەر داوای مام جەلال و نەوشیروان مستەفا هاتۆتەوە ناو رژێم و بۆتە جاشی سەدام، کەچی ناوبراو بەرلەوەی دەربچێت جاشی رژێم بووەو بەگوێرەی قسەکانی سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان محەمەدی حاجی مەحمود، کە سەبارەت بە دەرچوونی ناوبراو دەڵێت: (لە شەوی (8/7-6-1979)دا ئەو ناوانە چەکداری رژێم (جاش) بوون هاتنە لامان لە شانەدەری سەروو دەرچووین بە دەمیانەوە چووینە ماڵی کاک ئەحمەد و ئەوان، ئەوانەش ئەوە ناوەکانیانە: شێخ خالید شێخ مەحمود ناسراو بە خالیدی خولەسوور. عومەری حەمەساڵح مارف پەریوەیی. قانع ئەحمەد ساڵح توتاقاچ. والی عەلی رەزا خانەقەویلەیی. سابیر ئەمین عەلی پەریوەیی. عەلی سەعید شەریف خانەقەویلەیی. خەلیل جەمیل شەریف. خالید قادر ئەمین کوڵێتان (کوێخا قادر). شێخ مەحمود شێخ ئەحمەد (باوکی شێخ خالید). ئەمانەش هەموویان بە چەکەوە (چەکی جاشایەتی) پەیوەندییان پێوە کردین – سەرچاوە: محەمەدی حاجی مەحمود، رۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، بەشی پێنجەم، ل25-26). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت خالیدی خولەسوور بەرلەوەی بچێتە دەرەوە جاشی سەدام و بەعس بووە.

هەر بەگوێرەی قسەکانی حەمەی حاجی مەحمود، خالیدی خولەسوور دوای گەڕانەوەی بۆناو رژێم دووبارە بۆتە جاشی عروبە و وەکو جاشێکی دڵسۆزی رژێم هاتۆتە سەر پێشمەرگە و ماڵ و منداڵی پێشمەرگەی بەگرت داوە، فەرموون با بزانین حەمەی حاجی مەحمود فەرماندەی ئەوکاتی هەرێمی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چۆن باسی هاتنەکەی خالیدی خولەسوورمان بۆ دەکات: (لە رۆژی (6.9.1980) لە چوارتاوە بیست فرۆکەی هەلیکۆپتەر هاتن بێوەستان لە دەوری گوندی پارەزان سەربازیان دابەزاندوو ئەوان کردیان بە تەقەو لەچوار دەوری گوندەکەوە

وایان دانابوو له ماڵدا بمگرن. ئێمه سەرکەوتین بۆ بەرزایی نێوان پارەزان و حاجی مامەند و چنارەکان. سەبازەکان چوونه ناو گوند و دوای سێ چوار کاتژمێر به پشکنینی گوندوو کۆکردنەوەی خەڵکی گوند هەمووی بەدوای ماڵی ئێمەدا هاتبوون منیان دەست نەکەوت و بۆ مناڵەکان دوایی خەڵک ووتیان ناسراویان لەگەڵ بوو ووتیان شێخ خالید بووه مناڵی ئێمەیان ناسیبوو (گەردەی هاوسەرم، عەتیەی کچم لەدایکبووی 1972 بوو، عەتا و پشتیوانی کوڕم لەدایکبووی 1979 بوون واته یەک ساڵان بوون گیرابوون کوێستان خۆی شاردبووەوه لەدایکبووی 1975 بوو ترسابوو وەکو جاری پێشوو له ساڵی 1976 بۆ پازده مانگ له ناسریه دەستبەسەر بوون، بەسەریەکەوه ماڵ و منداڵی من سی و حەوت مانگ له زیندان بوون) – سەرچاوه: محەمەدی حاجی مەحمود، رۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، بەشی حەوتەم، ل2).

سەبارەت به ناوی خالیدی خولەسوور که محەمەدی حاجی مەحمود، تەنیا نووسیویێتی (شێخ خالید)، رۆژی دووشەممه، رێکەوتی (25.10.2010)، کاتژمێری (19:26:12) بەکاتی دانیمارک تەلەفۆنم بۆ نووسەری پەرتووکی ناوبراو کرد، وەڵامی نەبوو کەچی دواتر کاتژمێر (22:08:29) خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم و بۆماوەی (3:31) خولەک قسەمان کردوو، پرسیاری ئەوەم لێکرد ئایا مەبەستی له (شێخ خالید) که له رۆژژمێری پێشمەرگەیەکدا باسی دەکات و ماڵ و منداڵەکەی ئەوی بۆ پیاوانی رژێم دەستنیشان کردووه و گیراون، خالیدی خولەسووره. له وەڵامدا گوتی: (بەڵێ مەبەستم خالیدی خولەسووره و خەڵکی دێکه دواتر پێیان گوتم خالید لەگەڵ هێزەکه بوو، هەر بەقسەی ئەوان ئەو ماڵ و منداڵەکەمی بۆ هێزەکەی حکومەت دەستنیشان کردبوو). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت که خالیدی خولەسوور دوای گەڕانەوەی بۆ باوەشی رژێم، دەبێت پێش رێکەوتی (6.9.1980) که لەو رۆژەدا بوو به کەوا سووری پێش لەشکری داگیرکەری عارەب و منداڵی تەمەن یەک ساڵانەی پێشمەرگەی کوردی بۆ فاشی و رەگەزپەرستەکان دەستنیشان کردووه، بووبێته جاشی رژێم و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژماره (74)، هەروەها بۆمان دەردەکەوێت نەک بەقسەی خۆی که گوایه لەپێناوی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئەوکارەی کردووه که وانییەو دووره له راستی، بەڵکو لەلایەک چۆته سەر پێشمەرگەیەکی ئازاو تێکۆشەر که تا ئەوکاتەش فەرماندەی هەرێمی (1)ی یەکێتیی نیشتمانیی بووه، که خالید بەگوێرەی قسەکانی خۆی قایل بووه جاشایەتی بۆ بەرژەوەندی کوردو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات کەچی کردەوەکانی پێچەوانەی قسەکانێتی، لەلایەکی تریشەوه بەقسەی خەڵکی گوندی پارەزان ژن و منداڵی پێشمەرگەیەکی کوردپەروەر و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ دوژمن دەستنیشان کردووه تا بیانگرن و گیراویشن.

پێموانییه خالیدی خولەسوور تەنانەت سەرۆک هۆزی غەوارەش بێت وەکو خۆی بانگێشەی بۆ دەکات، چونکه هەر له پەرتووکی ناوبراودا محەمەدی حاجی مەحمود، باسی ئەوەی کردووه که خالیدی خولەسوور بەرلەوەی بچێته ناو هێزی پێشمەرگە، ئەو هەر بەرخەوان و شوان بووه. لەگەڵ رێزم بۆ هەمووو بەرخەوان و شوانێک که نەک بەتەنیا پیشەیەکی سەربەرزانەیه بەڵکو هەر تاوانیشه بەراورد بکرێت لەگەڵ جاشایەتی، وەلێ ئەو بەهۆی جاشایەتی و نۆکەرێتی کردنی بۆ بەعس و سەدام له ئەنجامی تۆقاندن و بەزۆرکردن له ئەندامانی هۆزەکەی، خۆی وەکو سەرۆک هۆزی غەواره سەپاندووه.

بەپێی وەڵامی کۆمەڵێک گەنجی هۆزی غەواره له هەندەران، که لەژێر ناوی (وەڵامێک بۆ خاله جاش)دا له رێکەوتی (25.2.2010)دا له ماڵپەڕی چاودێری کوردۆساید بڵاوکراوەتەوه، خالیدی خولەسووری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و جاشەکانی مەفرەزەی ئیستخباراتی شیمالی ژماره (74)، بکوژی چوار پێشمەرگەیه بەناوەکانی (شێخ جەعفەر له گوندی چواله، حەمەدئەمین هاڕونی گردەنازەیی، جەمالی براخاس هەسەنی جەلال دۆڵەسووری).

خالیدی خولەسووری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژماره (74)ی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی، له شەوی (16.8.1983)دا له بۆسەیەکدا شازده پێشمەرگەی دڵسۆز و کوردپەروەری پارتی دیموکراتی کوردستانی شەهیدکردووه – سەرچاوه: (ئەنوەری حاجی عوسمان، رۆژنامەی رووداو، ژماره 32، رۆژی دووشەممه، رێکەوتی 17.11.2008).

فەوجی خالد مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، بەشداری شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە.

دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی نەوەدو شەشی خالیدی خولەسوور لە ئەنفالی یەک لەگەڵ هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، کە بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988) - زکریات محەمەد حەسەن: نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7).

سەبارەت بە بەشداریکردنی سەرۆک جاشی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان و فەوجەکەی لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988).

هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان لە هێرشی ئەنفالی یەکدا – سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و ژینۆساید، ل26).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (96)ی خالید مەحمود ئەحمەد غەوارە لە ئەنفالی یەک و دوودا، خۆی ئەو لێدوانەی کە بۆ رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1000)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (22.8.1988)دا داویێتی، دەڵێت: (پاش دروستبوونی فەوجەکەمان چالاکییەکانمان سنوورێکی فراوانتری گرتوو کارەکانی (ئەنفال) دیارترینیانە، رزگارکردنی "شەدەڵە" و "سورداش" و "قەرەداغ" لە کارە گرنگەکانی فەوجەکەمانە ئەوەشم لەیاد نەچێت فەوجەکەمان دەورێکی بالای هەبوو لەرزگارکردنی شاخی (گۆجار)دا). ئەنفالی گوندەکانی شەدەڵەو سورداش ئەنفالی یەکەمی دۆڵی (جافایەتی)و ئەنفالی (قەرەداغ)یش ئەنفالی دووەمە.

سەرۆک جاش خالید مەحمود ئەحمەد (خالیدی خولەسوور) و سێ جاشی تر بە ناوەکانی ئەحمەد محەمەد قادر، عەلی حەمە پورشاە محەمەد قادر و قادر سەعید رەشید، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی (40)ی پیادەی بەناو سوپای رژێم، ژمارە (ا/501/3)ی رێکەوتی (13.2.1989)ی بڕێک پارەیان وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیاندا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل239-240). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەیەکی نکۆڵ لێنەکراوی بەشداریکردنی راوێژکارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.

هەر لەبەر بەشداری کارای نابراو لە شالاوی ئەنفالەکاندا، دادگای بالای تاوانەکانی عێراقی فەرمانی دەستگیرکردنی خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارەی داوەو، ناوی ئەو ژمارە (174)ی دراوەتی لەناوی (423) تۆمەتبارەکەی کەیسی ئەنفال.

خالیدی خولەسووری غەوارە، دوای راپەڕین بەرپرسێکی سەربازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، ئێستاش بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕانی سەربە نەوشیروان مستەفایە.

بسم الله الرحمن الرحيم

قيادة فرقة المشاة الاربعين
الادارة والميرة
الادارة
العدد / ١/ ٣/ ٥٠١
التاريخ ١٣ شباط ١٩٨٩

الى / لواء المشاة / ٣٦
لواء المشاة / ٨٢
لواء المشاة / ١٨
امرية موقع المدفعي
فوج دفاع وطني / ٨١
فوج دفاع وطني / ٢٤٤
فوج دفاع وطني / ٢٠٥
فوج دفاع وطني / ٦٢٤
فوج دفاع وطني / ٩٦
فوج دفاع وطني / ١١٥
فوج دفاع وطني / ٢٤٢
فوج دفاع وطني / ٢٥٠
فوج دفاع وطني / ١٥١

الموضوع / تكريم


كتاب قيادة الفيلق الاول (الادارة) ١١٢٧ في ٨ شباط ١٩٨٩
نرجو ارسال ضباط ومراتب وحدتكم الى مديرية ... لاستلام مبالغ التكريم الخاصة بعملية خاتمة الانفال العائدة للضباط والمقاتلين الذين وردت اسمائهم في القائمة المرفقة طياً.
لاتخاذ ما يلزم.

المرفقات
قائمة

العميد الركن
علي ... مو...
قائد فرقة المشاة الاربعين
١٣ شباط ١٩٨٩

## الأسماء

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٠١ | العقيد | ابرهيم خضر أود | أمر لصر٢ ٨ |
| ٠٢ | = | علي شاكر رضا | أمرلصر٦ ٢ |
| ٠٣ | = | عبد الله حمدان حسين | امرلصر٨ ٤ |
| ٠٤ | = | خالد عبد الرحمن الهكوع | امر موقع الصديق |
| ٠٥ | = | باسم باقر جعفر | امرف١ ل ٢٦ |
| ٠٦ | المقدم | سعد عبد المجيد جليل | أمرف١ ل ٢٦ |
| ٠٧ | = | ريكان قاسم عبد الله | أمرف١ ل ٨٢ |
| ٠٨ | = | احمد سعدون مناصر | أمرف٣ ل ٢٦ |
| ٠٩ | الرائد | صباح احمد غالب | أمرف١ ل ٨٢ |
| ٠١٠ | النقيب | محمد ضياء جواد | أمرف٦ ل ٦٨ |
| ٠١١ | النقيب | جاسم محمد خلف | ف١ل ٨٢ |
| ٠١٢ | = | ادهم حبيب حمادي | ف٣ل ١٨ |
| ٠١٣ | م اول | كمال حسين سلمان | ف٢ل ١٨ |
| ٠١٤ | الملازم | حسن خلف عمر | ف٢ ل ٢٦ |
| ٠١٥ | مستشار | محمد عمر امين | ف د و/ ٨١ |
| ٠١٦ | = | رحيم كريم قادر | = = / ٢٤٤ |
| ٠١٧ | = | عبد الرحمن علي عزيز | = = / ٢٠٥ |
| ٠١٨ | = | محمود عثمان عبد الله | = =/ ١٦١ |
| ٠١٩ | = | خالد محمود احمد | = =/ ٩٦ |
| ٠٢٠ | = | حسن محمود محمد امين | = =/ ١١٥ |
| ٠٢١ | = | يونس عبد الله رمضان | = =/ ٢٤٣ |
| ٠٢٢ | = | كريم سليم مصطفى | = =/ ٢٥٠ |
| ٠٢٣ | = | عبد الله حسين صالح بابان | = =/ ١٥١ |
| ٠٢٤ | مقاتل | علي حمه يورشاه محمد قادر | = =/ ٩٤ |
| ٠٢٥ | = | قادر سعيد رفيق | = =/ ٩٦ |
| ٠٢٦ | = | تيمور محمود محمد امين | = =/ ١١٤ |
| ٠٢٧ | = | محمد علي صالح | = =/ ٢٤٣ |
| ٠٢٨ | = | احمد محمد محمود | = =/ ٩٦ |



مەلا عوزێر مەولود حەمەد شێخانی، سەرۆک جاشی فەوجی 130

## بەشی شەشەم

# مەلا عوزێر

لە بەشی شەشەمدا، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی ناسراو بە (مەلا عوزێر) وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆک جاشی ژمارە (130)ی فەوجی جاشە سووکەکان بووە، جێگری سەرۆک جاشی فەوج عەدنان تەحسین بووە.

مەلا عوزێر حەمەد مەولود، لە کۆتایی حەفتاکاندا پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بووەو، زۆرجار سەنگەری گواستۆتەوە. مەلا عوزێر لە ناوەڕاستی ساڵی (1979)دا ئەوکاتە کە سەربە سۆسیالیست بووە، پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەناوی (ئیبراهیم پۆلیس) کە لای شەهیدی سەرکردە ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (شەهید ڕێباز) بووە شەهیدکردووە و دواتر هاتۆتەوە ناو ڕژێمی دژ بە کورد و بوو بە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی لە شاری هەولێر– سەرچاوە: (شەهید شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل275-276).

مەلا عوزێری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکاندا فەوجی وەرگرت، هەم لە سەردەمی فەرماندەیی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی سەربە مولازم محەمەدی قوشتەپە، هەم لە سەردەمی سەرۆک جاشێتی فەوجی (130)ی جاشە سووکەکان، لە هەولێر وەکو یەکێک لە کوردە هەرە خۆفرۆش و دڵسۆزەکانی بەعس و سەدام و دژ بە نەتەوەکەی خۆی ناسراوە.

مەلا عوزێر شێخانی، لە ڕێکەوتی (9.8.1981)دا، ئەنوەر عومەر ساڵح غائب ناسراو بە دکتۆر پەروەری دەستگیرکرد، کە سەربە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، کە لە ڕێکەوتی (18.2.1982)دا بە حەوت ساڵ زیندانی کرا، بەڵام لە ڕێکەوتی (22.7.1982)دا بەر لێبووردنەکەی حەڤدەی تەموز کەوت و ئازادکرا.

مەلا عوزێری جاش، لە ساڵی (1982)دا پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی بەناوی عومەر حەسەن حەمەد کەردزی لە گوندەکەی خۆی (کەردز) دەستگیرکردو، ڕادەستی ئەمنی قوشتەپە مولازم محەمەدی کرد، کە دواتر عومەر حەسەن کەردزی لە سێدارەدرا.

هەر لە ساڵی (1982)دا مەلا عوزێر حەمەد مەولود شێخانی، لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی بەناوی ئەنوەر محەمەد شێخان لە گوندی پیرداودی نێوان هەولێر – دیبەگە بە برینداری گرت، کە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە سەرەتا قاچەکانی ئیفلیج بوون، دواتر بەو برینەوە لە مانگی (12)ی ساڵی (1982) لە ئەمنی عامەی بەغدا گیانی پاکی بە کورد و کوردستان سپارد و شەهیدبوو.

مەلا عوزێر شێخانی، بە هاوکاری لەگەڵ چەند سەرۆک جاش و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەربە ئەمنی هەولێر، لە ڕێکەوتی (7.10.1982)دا لە گوندی سابلاخ لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەو فەرماندەی کەرتی ئازا و ناسراوی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان نادر ئیسماعیل نادر ئەحمەد قەشقەیی ناسراو بە (نادر قەشقەیی) و محەمەد غەفور ئەحمەد مەنتک دووشیوانی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (90)ی باواجی، حەمە سەعید حەمەدئەمین قەشقەیی، محەمەد مەحمود قادر و عوسمان عەلی قەشقەیی شەهیدکرد، لەگەڵ بریندارکردنی هەریەک لە خالید ئەحمەد و سیامەند حوسێن قەشقەیی.

مەلا عوزێر شێخانی خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی بەعس و عروبی سەدام، لە کاتژمێری یەکی نیوەڕۆی رۆژی هەینی، رێکەوتی (31.7.1982)دا، نۆ هەڤاڵی رێکخستنەکانی سەربە حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لە گوندی قوڵتەپە دەستگیرکرد و رادەستی ئەمنی هەولێری کردن کە بریتیبوون لە هەریەک لە: (1. ئەبوبەکر عومەر ئەحمەد سۆربەشی ناسراو بە دیار، کە لە رێکەوتی (18.1.1983)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە رێکەوتی (14.5.1985)دا لە بەغدا لە سێدارەدرا. 2. نەجمەدین مستەفا مەجید سۆربەشی ناسراو بە دیار، کە لە رێکەوتی (18.1.1983)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە رێکەوتی (14.5.1985)دا لە بەغدا لە سێدارەدرا. 3. خەلیل یوسف محەمەد سۆربەشی ناسراو بە خەلیل مام وسو دزەیی، کە لە رێکەوتی (18.1.1983)دا فەرمانی زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بە مەرجێک رەوانەی (قافات) بکرێت، کە سزایەکە بەدرێژایی مانەوە لە زیندان دیدەنی خزم و کەسی لێ قەدەغە دەکرێت. خەلیل مام وسو بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، بەڵام دواتر لە رێکەوتی (20.3.1989)دا ئازادکرا. 4. سەلاح عەبدولقادر مەلا ئیسماعیل دیبەگەیی، لە رێکەوتی (18.1.1983)دا فەرمانی زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بە مەرجێک رەوانەی (قافات) بکرێت، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، ئەوەبوو دواتر لە رێکەوتی (20.3.1989)دا لەگەڵ خەلیل مام وسو بەیەکەوە ئازادکران. 5. فەرهاد حوسێن سوڵتان سۆربەشی، لە رێکەوتی (18.1.1983)دا فەرمانی زیندانی حەوت ساڵی بۆ دەرچوو بەمەرجێک رەوانەی قافات بکرێت، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، ئەوەبوو دواتر لە رێکەوتی (20.3.1989)دا لەگەڵ ئەو دوو هەڤاڵەی سەرەوەدا ئازادکران. 6. محەمەد عەبدولڕەحمان حەمە شەریف دیبەگەیی ناسراو بە مام ئاراس. مام ئاراس، لە رێکەوتی (18.1.1983)دا لە دادگا بێتاوان دەرچوو، چونکە دانی بەهیچ شتێکدا نەنابوو، ئەوەبوو دواتر لە رێکەوتی (23.1.1983)دا لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی خوارەوە ئازادکرا. مام ئاراس هەم لە رێکخستنەکانی سۆسیالیست و خۆنیشاندانەکانی ساڵی (1982)دا لە هەولێر رۆڵ و جێ پەنجەی دیاربوو، هەم لە پێشمەرگایەتی لەناو ریزەکانی حزبی سۆسیالیست و دواتریش یەکێتیی نیشتمانیی کە فەرماندەیەکی  ئازا و نەترس بووە لە هەموو شەڕەکاندا. 7. عەبدوڵڵا کاکەمین رەسوڵ، لە دادگا بێتاوان دەرچوو و ئازادکرا. 8. روار عوسمان ئیسماعیل سۆربەشی، لە دادگا بێتاوان دەرچوو و ئازادکرا. 9. قادر عوسمان ئیسماعیل سۆربەشی، لە دادگا بێتاوان دەرچوو و ئازادکرا).

مەلا عوزێر شێخانی، هەر لە ساڵی (1982)دا نەجیبە خانی هاوسەری مامۆستا موحسین عوسمان حەمەد، پێشتر کادیری سیاسی و بەرپرسی رێکخستنی ناو هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئێستا ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە پلەی لیوا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی رەگەزنامەو پاسپۆرت و نشینگەی کوردستانی هەیە لە شاری سلێمانی، دەستگیرکردو رادەستی ئەمنی هەولێری کردو، دواتر نەجیبە خان رەوانەی زیندانی فوزەیلیە - (الفضیلیة)ی تەنیشت (بغداد الجدیدة – المشتل) کرا لە بەغداو، ماوەیەک لەوێ مایەوە، ئەوەبوو دواتر ئەو ژنانەی منداڵیان هەبوو رەوانەی عەرعەری سەر سنووری وڵاتی سعودیەی عارەبی کران کە نەجیبە خان یەکێک بووە لەوان.

مەلا عوزێری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، لە سەرەتای ساڵی (1982)دا خزمێکی سەید کاکە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە (سەید کاکە)ی پارتی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی خولی پێشووی دەستگیرکرد، بەناوی سەید ئیسماعیل عەبدولحەمید دانیشتووی گوندی چاڵەگردەی سەربە شارۆچکەی قوشتەپە، کە بە (3) ساڵ زیندانی سزادرا، پاشان لە رێکەوتی (17.7.1982)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و لە رێکەوتی (22.7.1982)دا ئازادکرا.

مەلا عوزێر شێخانی نۆکەر و پیاوی سەدام، لە ڕێکەوتی (18.11.1982)دا دوو پێشمەرگەی ئازاو جەربەزەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لە نێوان هەولێر – دیبەگە لە نزیک گوندی منارە شەهیدکرد بەناوەکانی کاکەزیاد حەسەن عەزیز هەینی کەردزی و خەسرەو ئیسماعیل ساڵح کەردزی.

هەرچی سەربارەت بە شەهیدکردنی (11) پێشمەرگە و بریندارکردنی (9) پێشمەرگەی تری حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە کۆی (23) پێشمەرگەدا، لە کاتژمێری (9)ی شەوی ڕێکەوتی (15.1.1983)ی گوندی بیرەعارەبان، زانیارییەکانم لە کادیرێکی سیاسی و پێشمەرگەیەکی دێرینی ئازاو تێکۆشەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەناوی نامیق ڕەسوڵ ئەحمەدی برازای مامە غەفە وەرگرتووە، کە ئێستاکە جێگری مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە هەولێر. لەگەڵ نامیق ڕەسوڵ ئەحمەد غەزاڵ، هەم خەڵکی ناوچەیەکین و هەم چەند ساڵێک هاوپۆلی یەکتر بووینە لە خوێندن، کە بەمشێوەیە کارەساتی شەهیدکردنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی حزبی سۆسیالیستی بۆ گێڕامەوە: (ئێمە ژمارەمان بیست و سێ پێشمەرگە بوو، سەربە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ بووین، کە فەرماندەکەمان مام غەفوری مامم بوو (غەفور ئەحمەد غەزاڵ). لە شەوی (15.1.1983) بەڕێکەوتین لە گەڕەشێخان بەرەو هەردووو دۆرەزە و لە جادەی کەرکوک پەڕینەوە، نیازمان وابوو بەرەو گوێڕ بڕۆین بۆ لێدانی مونەزەمەی حزبی بەعس لە گوێڕ، کەم کەمە بارانیش دەباری، ئێمەش بە پێیان بووین و بەرەو گوندی بیرەعارەبان دەڕۆیشتین. کاتێک گەیشتینە نزیک گوندی بیرەعارەبان و کاتژمێر نۆی تەواو بوو. لە ناکاو لە هەموو لایەک بووە دەستڕێژی تەقەی دوژمن لێمان و شەڕ دامەزرا. لە یەکەم دەستڕێژی چڕو سەختی دوژمندا زۆربەمان پێکراین، هەندێک شەهید و هەندێکمان زامدار بووین. ئێمە بە برینداری کەوتینە بەرگری و شەڕ گەرم بوو. شەڕێکی زۆر سەخت بوو، شەڕی مان و نەمان دەکرد، پێشمان وابوو دەرچوونمان زۆر ئەستەمە، بەڵام بیروباوەڕمان بەهێز بوو، چونکە شەڕ شەڕی بیروباوەڕ بوو. بڕیارماندا تا دوا هەناسە و دوا فیشەک بەرگری بکەین، دوای شەڕێکی زۆر سەختی چەند کاتژمێری یازدە شەهیدمان داو دوازدە کەسیشمان دەرباز بووین، بەڵام لەو دوازدە کەسە نۆ بریندارمان هەبوو، واتە تەنیا سێ کەس لەو بۆسەو شەڕەدا بێ زیان دەرچووین. شەهیدەکانمان بریتیبوون لە: ڕەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەدی ئامۆزام. ئیسماعیل نورەدین فەتاح – کوڕی ئامۆزام لە دایکییەوە. ئیسماعیل عەبدوڵڵا قادر قورشاغڵوویی. ڕەحمان ئیسماعیل عەباس سەید عوبێدی (ڕەحمانی سمایل نۆبەتدار). سالم عومەر ڕەسوڵ تەلەلخێمی. ڕەشاد عەبدوڵڵا بەردێنەیی. موزەفەر عوسمان بیرەبەرازەیی (ساڵح). ئەکرەم مەولود قادر سۆربەشی. ڕەمەزان محەمەد چۆلی. شێرکۆ هەینی سەعید پیرداودی (شێرکۆی مرور، ناسراو بە هێمن). نوری محەمەد خورمەڵەیی یان دارەخورمایی. هەروەها بریندارەکان: غەفور ئەحمەد غەزال (مام غەفوری مامم)، فەرەیدونی مامە غەفوری ئامۆزام، خۆم (نامیق ڕەسوڵ ئەحمەد)، جامی شێخ عومەر عەلی عەلیاوەیی، فازل ئەحمەد ڕەسوڵ، خالید سەعید پیرداودی (مامی شەهید شێرکۆ هەینی سەعید پیرداودی)، عەلی حوسێن عەوێنەیی، عەلی قازیخانەیی و جەوهەر عوسمان عەبدوڵڵا وەسمان قورشاغڵوویی).

جەوهەر عوسمان عەبدوڵڵا قورشاغڵوویی، کە لە شەڕی بیرەعارەبان بە برینداری کەوتە بەردەست و دواتر لە ڕێکەوتی (21.9.1983)دا لە دادگای بەناو شۆڕشەکەی سەدام و عەواد حەمەد بەندەر سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕدرایەوە، لە زیندان لە ڕێکەوتی (4.6.1987)دا یەکترمان ناسی و بەیەکەوە بووین. پاشان بەهۆی لێبووردنی گشتی ژمارە (736-737)ی ڕێکەوتی (6.9.1988)ی سەدام لە ڕۆژی (21.9.1988)دا ئازاد کراو، ئێستاکە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دەژیت (دەرسیم). نامیق ڕەسوڵ ئەحمەد غەزاڵ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گووتی: (بەڵام دوای چەند ڕۆژێک نامەیەکی مەلا عوزێر شێخانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمن گەیشتە مام غەفور و خۆم ڕابەری سیاسی هەرێم بووم نامەکەم خوێندەوە. مەلا عوزێر لە نامەکەیدا نووسیبووی کە ئەو لە بۆسەکەدا لەگەڵ نەبووە، هەرچەندە داوایان لێکردووە، بەڵام بە بیانووی مردنی خوشکێکیەوە نەهاتووە. مەلا عوزێر لە نامەکەدا نووسیبووی کە بۆسەکە پێکهاتبوو لە شازدە جاشی جەلال پیرباڵ قۆڕیتانی و شانزدە ئەمنی قوشتەپە بەسەرپەرشتی مولازم محەمەدی بەڕێوەبەری ئەمنی قوشتەپە، ناوی هەر شازدە ئەمن و شازدە جاشەکەشی نووسیبوو. هەتا ئاماژەی بەوەش کردبوو کە هێزێکی تریش هەبووە لە نزیک بۆسەکەوە، جگە لەو هێزە (32) کەسەی کە ئەمن و جاش

بوون بۆسەکەیان دانابووەوە، ناوی حاجی مەولود حەمەد مەولود شێخانی برایی و چوار جاشی تری نووسیبوو کە سەربە حاجی مەولودی برای بووینە، واتە لە مەفرەزەکەی مەلا عوزێر خۆی بووینە، بەڵام مەلا عوزێر خۆی لەگەڵ بۆسەکەو هێزەکەدا نەبووە و مەلا عوزێر تاوەکو ئێستاکەش کۆپی ئەو نامەیەی کە ناردبووی بۆ مامم لای خۆی هەڵیگرتووە).

فەوجی ژمارە (130)ی مەلا عوزێر شێخانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (4+8)ی کردووە. مەلا عوزێر حەمەد مەولود شێخانی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی شوان، قەرەهەنجیرو دەشتی کۆیەی کردووە، واتە بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (4)ی کردووە، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی مەلا عوزێر لە ئەنفالی (8)ی بادینیاندا - سەرچاوە: (سێ دێی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، کە لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکان ئامادەکراوەو تەواوی لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ تاوانبارانی ئەنفال، سکاڵاکەران، شایەدەکان، بەڵگەنامەکان و رۆژنامە کۆنەکانی رژێم (هی سەردەمی ئەنفال) لەخۆ دەگرێت و، لە سی و دوو بەش پێکدێت، کە کۆی لاپەڕەکانی (9312) لاپەڕەیە. سەبارەت بە بەشداری سەرۆک جاش و مەفرەزە تایبەتییەکانی رژێم، ناوی تەواوی ئەوان بە ژمارەی فەوج و مەفرەزە خاسەکانیانەوە لە بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228)دا بڵاوکراوەتەوە.

مەلا عوزێر بۆ لاپەڕە (17)ی رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (128)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (1.7.2008)، بەمشێوەیە دەدوێت: (ئەو سی و سێ کەسەی کە راکردووی سەربازی بوون بۆماوەی نزیکەی سێ مانگ لە ماڵی من بوون، بەڵام راپۆرتێکیان لەسەر من دابووە ئەمن، فەرمانگەی ئەمن بانگیان کردم و پێیان گووتم کۆمەڵێک راکردووی سەربازی لە ماڵەکەتدا هەیە، دەبێت رادەستیان بکەیت. بەڵام نەمبردن بۆ ئەمن رادەستی کەرتی ئەفواجم کردن و نووسراوم بۆ وەرگرتن، پاشان رەوانەی ماڵی خۆیانم کردنەوە. من ئەوکات لەوێ نوبووم، دوای هەژدە رۆژ فەرمانگەی ئەمن لەدوای ناردبوون و هەموویانی بێسەرو شوێن کردن).

ناوی هەندێک لەو سی و سێ کەسەی هەردوو گوندی سێگرتکان و نێرەگین، کە لە رێگای مەلا عوزێر شێخانییەوە رادەستی بەعس کراونەتەوە، بریتیین لە: (دارا مە محەمەد نێرەگینی. دەرویش مەلا محەمەد نێرەگینی. عەبدوڵڵا مەلا محەمەد نێرەگینی، کە هەرسێکیان بران پێشتریش باوک و دوو برای تری پێشمەرگەیان بەناوەکانی سلێمان مەلا محەمەد نێرەگینی و قاسم مەلا محەمەد نێرەگینی ناسراو بە هاوڕێ قاسم کرێکار شەهید ببوو(شەهید سلێمان مەلا محەمەد نێرەگینی لە رێکەوتی (4.4.1985)دا لە گرتنی چوار رەبیەی سەر رێگای کۆیە - هەولێر شەهید دەبێت و هاوڕێ قاسم کرێکاری کادیری کۆمەڵە و پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێریش، لە رێکەوتی (13.5.1985)دا لە گوندی سماقە شەهید بووە – سەرچاوە: رێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، ل 318+331). ئارام عومەر حاجی مەلا سێگرتکانی، برینپێچ. فەوزی عومەر حاجی مەلا سێگرتکانی. ئیسماعیل حەمەد سمایل سێگرتکانی. عەبدولڕەحمان ئەحمەد محەمەد سێگرتکانی. عەبدولکەریم خدر عەزیز بایز ئاغایی. سابیر سەعدی محەمەد رەسوڵ قەمبەری. ئازاد عومەر عەبدولقادر ئۆمەرگومبەتی. حاتەم ئەحمەد محەمەد (سماقولی گرتک). سابیر محەمەد قادر سماقەیی. جەوهەر سەعید نێرەگینی. حەیدەر سەعید نێرەگینی. یاسین ساڵح نێرەگینی. کەریم خدر). مەلا عوزێر حەمەد مەولود، راوێژکاری فەوجی (130)ی فەوجە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (229)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. مەلا عوزێر ئێستاکە سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو لە کۆیە نیشتەجێیە.

## بەشی حەوتەم

# رائید کاکل

لە بەشی حەوتەمدا، باسی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان دەکەین، کە ئیبراهیم مەولود گەردی و مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ) سەرۆک جاش بوونە. فەرهاد مامەند حەمەد مەولود گەردی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج و عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی فەرماندەی فەوج وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

سەرۆک جاشی فەوجی ژمارە (51)ی جاشە سووکەکان هەریەک لە ئیبراهیم مەولود گەردی و مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، جێگری سەرۆک جاشی فەوج فەرهاد مامەند حەمەد مەولود گەردی، هەروەها عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی فەرماندەی فەوجی جاشەکانی فەوجی (51).

عەقید کاکل کاتێک کە فەرماندەی فەوجی (51)ی فەوجە سووکەکان بوو، لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەی ئازاو هەرگیز نەمر تەحسین عوسمان مەحمود گەردی (دیبەگەیی)، جێگری فەرماندەی کەرتی چواری شەهیدانی تیپی (83)ی هەوریێ لە سالانی (1983-1985) و دواتر فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (91)ی سەفینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سێ پێشمەرگەی تری بەناوەکانی نەوزاد مام وسو کاوانی، تەحسین کێشکە و کوڕێکی تر لە ڕێکەوتی (2.5.1986)دا لە نزیک گوندی هەنارەی بناری چیای سەفین شەهید کرد.

هێزێکی جاشەکانی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان بە فەرماندەیی رائید کاکل حەمەد مەولود گەردی لە ڕێکەوتی (26.101986)دا لە گوندی ترپەسپیانی سەربە شارۆچکەی قوشتەپە، چوونە سەر هێزێکی پێشمەرگەو شەڕ لە کاتژمێری (12)ی نیوەڕۆ دەستیپێکرد و هێزی دوژمن لە سەرباز، کۆپتەر فڕۆکەی پیلاتۆز و ئەمن و مونەزەمەی حزبی لە هەولێر، موسڵ، مەخمور و دیبەگە بەهانای جاشەکانی کاکل ئاغاوە هاتن. دوای شەڕێکی قارەمانانەی چەند کاتژمێری، دوو پێشمەرگەی ئازاو کوڕە جووتیاری دەشتی هەولێر بەناوەکانی عەبدولقەهار عەزیز عەبدوڵڵا قەرەچناغەیی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و فەرهاد ئەحمەد عەزیز خەڵکی گوندی (جدیدە لەک) و پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید بوون.

کاکل حەمەد مەولود گەردی لە ڕێکەوتی (1.2.1987)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشمەرگە و کادری ئازای تیپی (86)ی دەشتی هەولێر رزگار هاشم محەمەدئەمین گەردی (دیبەگەیی) لە گوندی باغەمرە بە برینداری گرت و هەمان ڕۆژ رادەستی مەنزومەی شیمالی کرد، دوای برینەوەی قاچێکی رزگار هاشم، ناوبراو لە ڕێکەوتی (29.3.1988)دا سزای هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە و هاتە زیندانی ئەبوغرێب، کە خۆی بە دەیان جار چۆنییەتی شەڕەکەو ئەو قسانەی بە رائید کاکلی گووتبوو بۆی گێڕاوەمەتەوە. رزگار هاشم گەردی لە (14.9.1988)دا بە لێبووردن ئازاد کراو ئێستا لە وڵاتی ئەمریکایە.

فەوجی (51)ی ئیبراهیم، مامەند (قەتۆ)، فەرهاد و کاکل ئاغای گەردی بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)یان کردووە. دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی پەنجاو یەک لە ئەنفالی یەک هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە دە فەوج بوون - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی

(24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالی یەکدا - سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و ژینۆساید، ل26).
سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالی چوار - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سێ دێی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، کە لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکان ئامادەکراوەو تەواوی لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ تاوانبارانی ئەنفال، سکاڵاکەران، شایەدەکان، بەڵگەنامەکان و رۆژنامە کۆنەکانی رژێم (هی سەردەمی ئەنفال) لەخۆ دەگرێت و، لە سی و دوو بەش پێکدێت، کە کۆی لاپەڕەکانی (9312) لاپەڕەیە. سەبارەت بە بەشداری سەرۆک جاش و مەفرەزە تایبەتییەکانی رژێم، ناوی تەواوی ئەوان بە ژمارەی فەوج و مەفرەزە خاسەکانیانەوە لە بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228)دا بڵاوکراوەتەوە.
مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، بەگوێرەی مەرسومێکی کۆماری، کە لە هەریەک لە رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6753) و ژمارە (3906)ی رۆژنامەی (العراق)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (22.11.1988)دا بڵاوکراوەتەوە، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا مەدالیای خۆفرۆشی و کوردکوژی) لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆردا وەرگرتووە.
هەریەک لە مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، سەرۆک جاشی فەوجی (51)ی فەوجە سووکەکان و مولازم فەرهاد مامەند حەمەد گەردی جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (51)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو، ژمارەکانیان (117+142)ە لە لیستی داواکراوەکان. بەڵام فەرهاد مامەند حەمەد گەردی مردووە.
لە رێکەوتی (17.10.1989)دا عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی بوو بە پارێزگاری سلێمانی – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (1118)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (16.10.1989)، ل4). عەقید کاکل گەردی لە پۆستی پارێزگاری سلێمانیدا مایەوە تاوەکو راپەڕینی کۆمەڵانی خەلکی ستەمدیدەی شارەکانی باشووری کوردستان، کە لە رێکەوتی (8.3.1991)دا واتە دووەم رۆژی راپەڕینی شاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی شەهیدان، ناوبراو لەگەڵ چەندین تاوانبارو گەورە بەرپرسی ئەمن و ئیستخباراتی سەربە رژێمی سەدام لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، کوژرا. ئەو بنەماڵەیە دوای راپەڕین تێکڕایان چوونە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری ئەو پارتەن.

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري

تقديرا للموقف البطولي والشجاعة الفائقة التي ابداها مستشارو افواج الدفاع الوطني المدرجة اسماؤهم ادناه في الذود عن شرف الامة وكرامتها وعزتها ضد العدو الايراني العنصري في معارك التحرير الكبرى والنصر العظيم وتحرير اراضينا الوطنية من دنس الفرس المجوس العنصريين في عمليات الانفال في قاطع عمليات الفيلق الاول واستنادا الى احكام المادة السادسة والعشرين من قانون الاوسمة والانواط رقم ٩٥ لسنة ١٩٨٢ .

رسمنا بما هو ات

منح كل من المستشارين المدرجة اسماؤهم ادناه نوط شجاعة .

المستشار نوزاد انور بيتوانه

المستشار مامند حمد مولود كردي

المستشار سليم ممند رسول اغا

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم .

صدام حسين

رئيس الجمهورية

## بەشی هەشتەم

# عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی

لە بەشی هەشتەمدا، عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.
عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (104)ی جاشە سووکەکان .
عومەر حەمە عەلی چەرمەگایی و فەوجی ژمارە (104)، بەشدارییان کردووە لە شالاوی هەریەک لە ئەنفالەکانی .(1+2+3+4+5+6+7)

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە هەریەک لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988 ).
عومەر حەمە عەلی چەرمەگایی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، دووز، ئاغجەلەر، رانیە و سورداشی کردووە، واتە ئەنفالەکانی (3+4) - سەرچاوە) :زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل241 .(
هەروەها سەبارەت بە شالاوی ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148+167).

ئەو سەرۆک جاشە ئێستا لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دایەو، تۆمەتبارە بە گرتن و رادەستکردنەوەی (12) پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکەوتی (5.5.1988)دا لە نزیک چەرمەگاو، دواتر گوللەباران کردنیان یان لە سێدارە دانیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە .**ناوی دوازدە پێشمەرگەکە بریتین لە )رێبوار عومەر محەمەد، تەها ئەحمەد سەعید (ئارام)، محەمەد قادر ئەحمەد، هاوڕێ شاکر مەحمود، محەمەد غەفور مەحمود، کەریم عەلی کەریم، جەمال حوسێن حەمە سالح، ئەنوەر محەمەد رەشید، ئاوات حوسێن، عەلی ئەنوەر رەشید، کاروان کەریم و ئەبوبەکر ئەحمەد محەمەد) - سەرچاوە: (ئاکۆ حەمە سەعید، ئەو (12) پێشمەرگەیەی کە بەدەستی (عومەری حەمەعەلی چەرمەگا (شەهیدکران،** ماڵپەڕی کوردستاننێت، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی .(29.3.2009

عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، راوێژکاری فەوجی (104)ی فەوجە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شالاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (278+212)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان .
عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدام و حکومەتی بەعسدا هەر هەبووە تا رۆژی رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا، کەواتە لێبووردنی ناوبراو ئەو سەرۆک جاشە ناگرێتەوە، کە بۆ سەرۆک جاش و پیاوانی

سەربە بەعس دەرچوو بوو بەمەرجێک واز لە راژەی (خزمەتی) بەعس و سەدام بێنن. بۆیە پێویستە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی رادەستی دادگای بکات و سزای تاوانەکانی وەربگرێت.

**تێبینی: داوا لە خوێنەرانی بەڕێز و گشت کوردێکی دڵسۆز دەکەم:**

.1هەر کەسێک ناوی شەهیدانی ئەو (17) پێشمەرگەیەی گوندی قڕگە دەزانێت، کە بەدەستی هەندێک جاشی سووک لە رێکەوتی (28.6.1983)دا شەهید بوون، هیوادارم راستەوخۆ بەو ناونیشانەی ئیمێڵەم کە لە سەرەوەدا یان خوارەوەدا نووسراوە، ناوی سیانی شەهیدەکانم بۆ بنووسێت ئەگەر زانیاری تریش بنووسێت زۆر باشتر، یان ژمارەی تەلەفۆنی خۆیم راستەوخۆ بۆ ئیمێڵەکەم بنێرێت، خۆم پەیوەندی پێوە دەکەم .
.2هەر کەسێ زانیاری لەسەر ئەو سەرۆک جاشانەی خوارەوە هەیە، کە خۆم بە گومانم لە راستی و دروستی ناوەکانیان و هیچ زانیارییەکم لە سەریان نییە، هەر بۆیەشە تا ئێستا نەخراونەتە ناو لیستی جاشەکانەوە، داواکارم زانیارییەکانم بۆ بنێرن، تەنانەت بۆم روون نییە کە سەرۆک جاشن یان مەفرەزەی خاسە .
ناوەکان: (بەهجەت فەرەج مارف شەرەفبەیانی. حەسەن باپیر خەڵکی هەولێر. سالار نەسروڵڵا مشیر ئیسماعیل. سەباح عومەر سەعید بابان .سەعدی محەمەد رەشید زێنێیی. سەعید مەحمود خەلیفە. کەمال جەمال ئاغا کاکەیی .محەمەد عەبدولقادر کاکەمەند. هیمەت کەریم فەتاح گۆران. مەمۆ رەشید محەمەد کۆچەر. موحسین محەمەد زۆراب).

## بەشی نۆیەم

# عەلە لوت ماسی وەک نموونە!

خوێنەرانی بەڕێز، لە بەشی نۆیەمدا عەلی تۆفیق محەمەدی ناسراو بە (عەلە لوت ماسی) وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی)، لە سەرەتای هەشتاکاندا مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (85)ی سەربە ئیستخباراتی شیمالی هەبووە.

یەکێک لە تاوانە گەورەکانی عەلە لوت ماسی ئەوەیە کە بە هاوکاری سەرۆک جاشی فەوجی (202)ی فەوجە سووکەکان (حەمەخان حاجی دارا رەشید) لە ڕێکەوتی (28.6.1983)دا حەڤدە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە گوندی قڕگەی نزیک سلێمانی لەناو تراکتۆرێکدا شەهیدکرد، کە شەهیدەکان ئەمانەن: (ئاراس محەمەد عەزیز هەمزە، ئازاد شەریف عارف عەبدوڵڵا، ئاگری نوری رەزا، ئامانج عەبدوڵڵا ئەحمەد، بەکر رەحمان حوسێن محەمەد، تەها عەبدوڵڵا محەمەد سەعید، دڵشاد نەوزاد مستەفا، رەحیم عوسمان کەریم ئەحمەد، سالار فەتحوڵڵا محەمەد عەلی، شێخ محەمەد شێخ ئیبراهیم، کاروان غەریب شا محەمەد، عیسا غەفور محەمەدئەمین حوسێن، عومەر شەریف مستەفا عەبدولڕەحمان، غەفور عەبدولکەریم ئەمین، محەمەد کەریم تاهیر ئەحمەد، محەمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد قادر و نەوزاد محەمەد تاهیر ئەحمەد).

دووەم تاوانی گەورەی عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی) ئەوەبوو کە لە ڕێگای ژنێکەوە بەناوی (نەرمین حەوێز)، کە ژنی کادیری دێرینی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەبار عەلی حەوێز بوو، توانی لە ڕێکەوتی (24.11.1987)دا کۆمەڵێک بەرپرسی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، سەرکردەی کورد، پێشمەرگە و ئەندامانی چەندین خێزانی پێشمەرگە لە گوندی (سێروان)ی نزیک گوندی مەرگە ژەهر خوارد بکات بە ژەهری سالیۆم. قوربانییەکانی ئەو ژەهر خواردکردنەی عەلە لوت ماسی و نەرمین حەوێزی سیخوری ناوبراو بریتین لە هەریەک لە: (دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان عومەر (دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوسای حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی ئێستای پەرلەمانی ئێراق – لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان)، عەدنان رەشاد محەمەد عوسمان موفتی (عەدنان موفتی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، دکتۆر شوان محەمەد عەزیز (وەزیری مافی مرۆڤ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، مستەفا قادر مەحمود (مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، سامی فەتاح لەتیف عەبدولوەهاب (سامی شۆڕش، ئەندامی ئەوسای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و ئەندامی ئێستای پەرلەمانی ئێراق – لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان)، تریفە محەمەد سەعید، عومەر عەلی ساڵح، وە هەریەک لە پێشمەرگەی دێرین و کادیری ناسراو و پێشکەوتووی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بێستون مەلا عومەر، خەدیجە حوسێن (دایکی مستەفا چاوڕەش) و سەریعە مەلا موحەڕەم لە هەمان رۆژدا واتە لە ڕێکەوتی (24.11.1987)دا گیانیان لە دەستدا).

عەلە لوت ماسی هەر لە ڕێگای نەرمین حەوێز، پێشتریش کۆمەڵێک پێشمەرگەی تری لە ڕێکەوتی (10.11.1987)دا بە سالیۆم ژەهر خوارد کردبوو، بەڵام پێدەچوو بڕی ژەهرەکە کەم بووبێت بۆیە کاریگەری زۆری نەکردۆتە سەر تەندروستی و ژیانی ژەهر خواردووەکان کە بریتیبوون لە هەریەک لە: (مستەفا قادر مەحمود (مستەفا چاوڕەش)، هاوار مەحمود، جەلال ئەمین بەگ، خالید حوسێن، ڕێزان مەحمود قادر (خوشکی مستەفا چاوڕەش)، مەحمود ناوێک و

عومەر بۆتانی، پێشمەرگە و ئەندامی ئەوکاتی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (1992)دا تاوەکو ڕۆژی کۆچکردنی لە ڕێکەوتی (19.4.2005)دا، کە دوای پشکنینی پزیشکی دوای ڕووداوەکە دەرکەوت کەمێک مادەی سالیۆم لە گیانیدا هەیە).

جەبار عەلی حەوێزی هاوسەری نەرمین حەوێز، کادیر و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆتایی گفتوگۆی یەکێتیی و ڕژێمی بەعسدا لە ساڵی (1985)دا لە لایەن ڕژێمەوە گیرا. نەرمینی هاوسەری ناوبراو پێدەچێت بەبێ ئاگاداری جەبار لەگەڵ ئیستیخبارات و عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی) پێکهاتبێ لەبری ئازادکردنی مێردەکەی کار بۆ ڕژێم بکات، ئەوەبوو پاش نزیکەی دوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر گیرانی جەبار ڕژێم ناوبراوی بە گۆڕینەوە ئازادکرد. جەبار عەلی حەوێز دوای ئازادکردنی دیسان بووەوە بە پێشمەرگە، نەرمین حەوێزی ژنی ناوبراو بەگوێرەی پلانی دەزگاکانی سەربە ڕژێم خۆی گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان، بەڵام نزیکەی دوو هەفتەیەک بەر لەو تاوان و کارەساتە گەورەیە جەباری عەلی حەوێز خۆی گواستبووەوە بۆ مەڵبەندی یەکی قەرەداغ و نەرمینی ژنی ڕەوانەی سلێمانی کردبووەوە، کەچی دوای نزیکەی هەفتەیەک نەرمین بەبێ ئاگاداری جەباری مێردی دێتەوە گوندی سێروان و دەچێتە ماڵی مستەفا چاوڕەش. نەرمین لە ماڵی مستەفا چاوڕەش بەناوی هاوکاری کردنی ژنانی ئەو ماڵە خواردنی ئامادە دەکرد، پاش ماوەیەک لە دەرفەتێکدا کە کۆمەڵێک سەرکردەو پێشمەرگە میوانی ماڵی مستەفا چاوڕەش دەبن، ژەهری سالیۆمی کردبووە ناو ماستاو و دوای ئەنجامدانی پلانەکەی دوژمنان و ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە دەستبەجێ بەرەو سلێمانی رایکردبوو.

دوای ئەو تاوانەی نەرمین حەوێز، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بروسکەیەک داوای لە جەبار عەلی حەوێزی پێشمەرگە و کادیر کرد کە بگاتە سەرکردایەتی، کاتێک دوای چەند ڕۆژێک جەبار گەیشتە بارەگای سەرکردایەتی یەکسەر گیراو خرایە نێو زیندانی بەرگەڵوو، ئەوەبوو دوای نزیکەی تێپەڕبوونی دوو مانگێک بەسەر زیندانیکردنیدا، لە سەرەتای مانگی دووی ساڵی (1988)دا لە نزیک زیندانەکەی بەرگەڵوو بە چەند فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی پێشمەرگەی ناوبراو هات.

عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی) فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (85)ی سەربە ئیستخباراتی شیمالی، بەشداری ئەنفالی شالاوی ئەنفالی ماوەت و چوارتای کردووە، کە دەکاتە شالاوی ئەنفالی یەکەم – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، چاپی دووەم، ل243).

نەرمین حەوێزی تاوانبار هەر لەدوای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی شەهیدان، لە ڕۆژی (7.3.1991)دا لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەری ئەو شارەیە ناسرایەوەو دەستبەجێ کوژرا، کەچی عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی) دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)، کوردستانی جێهێشت و ڕوویکردە بەغداو دوای ڕووخانی ڕژێمیش هەر لە بەغدا مابوو، وەلێ لە ساڵی (2008)دا گەڕایەوە سلێمانی و دوای سکاڵای بنەماڵەی هەندێک لە شەهیدان و بەتایبەت سکاڵای مستەفا چاوڕەش، ئاسایشی گشتیی کوردستان لە سلێمانی گرتی و نزیکەی مانگێک لە زیندان مایەوە، کەچی لەپڕ بەهۆی هەوڵ و داکۆکیکردنی بەردەوامی حەسەن حەمید ڕەحیم ناسراو بە (مام ڕۆستەم کەرکوکی) سەرکردەی سەربازی قارەمان و تێکۆشەری دیاری ئەوسای ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵسوڕای بەرچاوی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان لەو تاوانبارە و بەهۆی دەستەبەری کردن (کەفالەت) لەلایەن کەسێک بەناوی زیاد ڕەسوڵ سەعدی کە بۆتە دەستەبەری عەلی لوت ماسی، ئەوەبوو ناوبراو لە مانگی تەموزدا ئازاد کرا.

عەلی لوت ماسی، دوای ئازادکردنی بە چەند ڕۆژێک بەرەو سوریا رایکرد. ئاسایشی گشتی کوردستان لە سلێمانی لە ڕێکەوتی (23.7.2008)دا دەستەبەرەکەی ناوبراوی دەستگیرکرد کە ناوی زیاد ڕەسوڵ سەعدی بوو، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئەویش لە ڕێگای هەوڵی بێوچانی چەند بەرپرسێکی کوردی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئازادکرا.

عەلی تۆفیق محەمەدی ناسراو بە (عەلە لوت ماسی)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (209)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

**تێبینی: داواکارم و هیوادارم هەر کەسێک هەر تاوانێکی تری عەلە لوت ماسی دەزانێت، بەهۆی ئەو ئیمێیڵەیە (darsim2006@hotmail.com)، ئاگادارم کاتەوە لە ناوی قوربانییەکان، سەربە چ لایەنەکن، شوێن، رۆژو ساڵی تاوانەکە ئەگەر بیزانێت.**

## بەشی دەیەم

# مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان

لە بەشی دەیەمدا، موحسین عەبدوڵڵای ناسراو بە (مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان) وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

موحسین عەبدوڵڵا ناسراو بە مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. ناوبراو خەڵکی گوندی گردەچاری بەرەناتی بوو، پێشتر سەربە رێکخستنەکانی هێڵی گشتیی کە یەکێک لە باڵەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

بۆ یەکەم جار مامۆستا موحسین عەبدوڵڵام لە بەهاری ساڵی (1981)دا ناسی کاتێ کە هاتە سەردانی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزازام و شەهید تەحسینی برام لە ژووری سێدارەی موسڵ، گوایە دەیەوێت بەرلەوەی بڕوات و بچێتە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خواحافیزی لە شەهیدان بکات.

مامۆستا موحسین عەبدوڵڵا لەگەڵ دەستگیرکردنی برام، ئامۆزازام و کۆمەڵێک هاوڕێی تری رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو بوو، کەچی هەر لە یەکەم رۆژی یەکتر ناسینماندا دوای ئەوەی

خۆم گوێم لێبوو قسەی بۆ شەهید جەمیل دەکرد کە گوایە دوای گیرانی ئەوان خۆی شاردۆتەوە بەڵام واستەیەکی زۆر گەورەی بۆ کراوە و ئینجا خۆی رادەستی ئەمنی بەلدە کردووەو ئەوانیش لێی خۆشبووینە، یەکسەر گومانێکی زۆر کەوتە ناو دڵم و دەستبەجێ بە شەهیدان (جەمیل و تەحسین)م گووت کە مامۆستا موحسین جێگای گومانە و باوەڕی پێنەکەن و هاتووە تاوەکو زانیاریتان لێ وەرگرێت و بیگەیەنێتە ئەمنی هەولێر، کەچی ئەوان ئەو قسانەی منیان پێناخۆش بوو، بەتایبەت شەهید جەمیل کە لێشم توڕەبوو لەسەر ئەوەی چۆن دەکرێت هاوڕێیەکی کۆمەڵە تاوانبار بکەم بەوەی کە پیاوی رژێمە.

دوای ئەو سەردانەی مامۆستا موحسین بۆ لای زیندانییانی ژووری سێدارەی موسڵ، شاری بەجێهێشت و خۆی گەیاندە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان. دوای یەکگرتنەوەی هێلی گشتیی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستان لە ئاکامی یەکگرتنەوەی ئەو دوو باڵەدا، موحسین عەبدوڵڵای بەناو پێشمەرگە بوو بە بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نازناوی شۆڕشگێڕانیی درایێ و بوو بە مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان.

لەنێوان سالانی (1982-1985)دا بە دەیان جار لەگەڵ مامۆستا موحسین لە دۆڵی بالیسان و مورتکە تووشی یەکتر بووین، بەڵام هەردەم جێگای گومان بوو لای بەندە و هەرگیز متمانەم پێی نەدەکرد و خۆم لێ لادەدا یان رووم نەدەدایێ و ماوەی ئەوەم نەدەدا باسی سیاسەتم لەگەڵ بکات.

وەلێ کاتی گیرانم لە رێکەوتی (2.3.1986)دا لە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی، مامۆستا موحسین قسەی زۆری لەسەر کردم لای موقەدەم فازڵی جێگری بەڕێوەبەری مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و ئەفسەری بەرپرس لە لێکۆڵینەوەم. مامۆستا موحسین بەو قسانەی کە بۆ موقەدەم فازڵی دەکرد، دەیویست ئەو تاوانەی کە شەهیدان تەحسین و جەمیل پێشتر لەسەری لەسێدارە درابوون بیخاتە ئەستۆی منیش و بەرەو پەتی سێدارەم ببات، وەلێ سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام بەندە بەقسەی ئەو نەگیرابووم بەڵکو کەسێکی تر منی بەگرت دابوو کە تا ئێستاکە لە ژیاندا ماوە و لە هەولێر دەژیت.

پێموایە موحسین عەبدوڵڵا لە ساڵی (1981)دا تەنیا بەناو بووە پێشمەرگە و لە راستیدا سەربە بەعس بووە، دواتریش کاتێ کە لە ناوەڕاستی ساڵی (1985)دا هاتەوە ناو رژێم و بوو بە یەکێک لە دڕندەترین فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەربە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی.

مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، لە رێکەوتی (1.4.1986)دا ئەو هەڤاڵانەی رێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستانی بەگرتندا (مقداد بیلال حوسێن دزەیی ناسراو بە حاکم رزگار، کە خۆشبەختانە توانی پەنجەرەی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە هەولێر بشکێنێت و رابکات، بەڵام بەداخەوە لە ناوەڕاستی ساڵی (1987)دا لە نزیک بەستۆڕە دەکەوێتە بۆسەی جاشان و شەهید دەبێت. دیار محەمەد عەلی نانەکەلی (حاکم دیار) کە هیچ ئاوڕێکی لێ نەدراوەتەوە، جیهاد نوری تاهیر شێروانی و موزەفەر کەمال عەزیز خۆشناو بالیسانی)، کە هەرسێکیان لە کۆتایی مانگی چوار یان سەرەتای مانگی پێنجی ساڵی (1986)دا وەکو ئێمە گواسترانەوە بۆ ئەمنی هەولێر و هاتنە لای ئێمە لە تاکژوورەکانی (إنفرادي) ئەمنی هەولێر و بۆ نزیکەی ساڵێک بە یەکەوە بووین. دواتر ئەوان ئەو سێ هەڤاڵەی شۆڕشگێڕان لە رێکەوتی (13.5.1987)دا رەوانەی دادگای بەناو شۆڕشی عەواد بەندەر کران، کە موزەفەر خۆشناو سزای دە ساڵ زیندانی و هەر یەک لە حاکم دیار محەمەد نانەکەلی و جیهاد نوری شێروانی سزای هەتا هەتایە زیندانیکردنیان بۆ بڕدرایەوە، دواتر دووبارە لە ئەبوغرێب یەکمان گرتەوەو، تا هەموومان پێکەوە لە رێکەوتی (14.9.1988)دا ئازاد کراین. بەڵام بەداخەوە موزەفەر کەمال عەزیز خۆشناو لە ساڵی (2008)دا کۆچی دوایی کرد بەبێ ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاوڕێک لەو قارەمانەی زیندانەکانی بەعس و سەری رەش و ئاکرێ بداتەوە.

مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، لە رێکەوتی (20.4.1986)دا کرێکارێکی رەنجدەر و کوردپەروەری باوەڕ پۆڵایین و بەرز بەقەد بەرزایی چیای قەرەچوغ بەناوی سلێمان کەریم قادر خەڵکی گوندی کورتاندرووی بناری چیای قەرەچوغ ناسراو بە (سلێمان کەبابچی) بەگرتدا کە سەربە رێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستان بوو. لەگەڵ سلێمان

کەباپچی لە زیندانی ئەمنی هەولێر بەیەکەوە بووین، کە خزمەتێکی یەکجار زۆرو گەورەی تەواوی زیندانییەکانی بەبێ جیاوازی دەکرد. سلێمان کەباپچی دواتر لە ڕێکەوتی (21.7.1987)دا سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی لەلایەن عەواد بەندەرەوە بۆ بڕدرایەوە و تاوەکو ڕۆژی ئازادبوونی لە ڕێکەوتی (14.9.1988)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە شاری بەغدا پێکەوە بووین.

موحسین عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەربە مەنزومەی ئیستیخبارات، لە ڕێکەوتی (24.9.1986)دا کۆمەڵێ تێکۆشەری تری لە هەڤاڵانی سەربە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستانی لە لایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بەگرتدا، کە ئەمانە بوون: (سیاد ئیبراهیم ناسراو بە سوارە خەڵکی گوندی سفەییەی کاکەییەکان، سدیق حوسێن گەزۆ کەڵەکی، عەبدولڕەحمان پیرداود کەڵەکی، کەمال بایز ئیسماعیل دزەیی کاریتانی، برای ئەرسەلان بایزی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و کەسێکی تر بەناوی موحسین بایز خەڵکی گوندی سفەیە). ئەو پێنج هەڤاڵەی سەرەوە دوای ئەوەی مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان بەگرتیدان، هەموویان پێکەوە لە ڕێکەوتی (2.2.1987)دا لە بەناو (دادگای شۆڕش)دا فەرمانی لە سێدارە دانیان بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (18.11.1987)دا لە بەغدا لە سێدارە دران.

موحسین عەبدوڵڵای سەربە مەنزومەی ئیستخبارات، لە ڕێکەوتی (16.5.1989)دا نەسروڵڵا نورەدین نەجمەدین سوورچی بەتاوانی ئەندامی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی سەربە قادر عەزیز و ئەڵقەی پەیوەندی نێوان فڕۆکەوان لیوا موحسین هەمزە حەسەن دزەیی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە موسڵ بەگرتدا، کە یەکسەر بردیان بۆ ئیستخباراتی گشتیی بەغدا و دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ڕێکەوتی (12.3.1990)دا لەگەڵ لیوای فڕۆکەوان موحسین هەمزە حەسەن دزەیی خەڵکی گوندی سۆربەش کە (41) ڕۆژ بەر لە نەسرەدین سوورچی هەر مامۆستا موحسین عەبدوڵڵای شۆڕشگێڕان بەگرتی دابوو، لە دادگای بەناو شۆڕشی عەواد حەمەد بەندەری جەللاددا سزای لە سێدارەدانیان بۆ بڕدرایەوە. بەڵام خۆشبەختانە بەخت یاوەریان بوو و دوای (42) شەو و ڕۆژی پڕ لە ژیانی بۆنی خوێن و مەرگی ژووری سێدارە، هەردووکیان لە ڕێکەوتی (22.4.1990)دا سزای مەرگیان بۆ کرا بە زیندانی هەتایە و بۆ بەشی سزا تایبەتییەکان (قسم الأحكام الخاصة)ی ئەبوغرێب گواسترانەوە. پاشان لە ڕێکەوتی (22.12.1991)دا هەردووکیان پێکەوە ئازاد کران و گەڕانەوە کوردستان. ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە مامۆستا موحسین، حەسەن ڕواندزی خاوەنی چێشتخانەی زانکۆ لە هەولێر و کەسێکی تر بەناوی دڵشاد محەمەد کە دوای ڕاپەڕین ڕوویکردە موسڵ و بەغدا و لە دوای ڕووخانی سەدامیش هەر لە بەغدا بوو، شایەد بووینە بەسەر هەریەک لە نەسروڵڵا سوورچی و لیوای فڕۆکەوان موحسین هەمزە دزەیی. نەسروڵڵا نورەدین نەجمەدین سوورچی، ئێستاکە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – باڵی قادر عەزیزە و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبی ناوبراوە.

مامۆستا موحسین لە ساڵی (1988)دا دوو برای ئاشووری خەڵکی هەرمۆتەی کۆیەی بەناوەکانی سەلیم هەرمۆتی و سەباح هەرمۆتی برا بچووکی بەگرتدا، کە دواتر سەلیم هەرمۆتی سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو لەلایەن عەواد حەمەد بەندەر و سەباحی برایشی سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو. سەلیم هەرمۆتی دواتر لە سێدارە دراو گەیشتە کاروانە هەمیشە زیندووەکە و هەرگیز نەمرانی کورد و کوردستان، وەلێ سەباح هەرمۆتی بۆماوەی (7) ساڵ لە زیندانی فاشییەکاندا مایەوە و لە کۆتایی ساڵی (1995)دا ئازادکرا، چونکە هەر لێبووردنێک بۆ کورد بهاتبایە ئەوی نەدەگرتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە خۆی و شەهید سەلیم هەرمۆتی برای سەربە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووینە.

مامۆستا موحسین عەبدوڵڵا دوای ڕاپەڕین بۆماوەی چەند ڕۆژێک چووە ناو یەکێک لە حزبە کوردستانییەکان، کەچی دوای کۆچڕەوەکەی (31.3.1991) پەنای بردە بەر ڕژێمی بەعس لە شاری موسڵ تا لە ساڵی (1993)دا لەوێ لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژرا. براکانی مامۆستا موحسین و نەوەکانیان ئێستاکە لە هەولێر سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن.

**تێبینی: تاوانەکانی مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان زۆر لەوە زۆرترن کە لێرەدا نووسراون، بۆیە داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە قوربانی دەستی ئەو تاوانبارەن یان خزم و کەسیان بەدەستی ناوبراو شەهید کراوە، بەهۆی ئەو ئیمێیلەوە (darsim2006@hotmail.com) راستەوخۆ پەیوەندیم پێوە بکەن و پێشەکی سوپاسیان دەکەم.**

## بەشی یازدەم

# بەهرام شێمەی هاڕونی

لە بەشی یازدەمدا، بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد ناسراو بە (بەهرامی شێمەی هاڕونی) وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

سەرۆک جاشی فەوجی (11)ی جاشە سووکەکان، بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد ناسراو بە (بەهرامی شێمەی هاڕونی).

شێخ محەمەد هاڕونی باوکی بەهرام لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە جاشایەتی و لە شەڕی ئێراق – ئێرانی بەناو قادسیە دۆڕاوەکەی سەدامی دیکتاتۆردا کوژرا.

فەوجی (11)ی جاشە سووکەکان بە فەرماندەیی سەرۆک جاش بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد هاڕونی لە هاوینی ساڵی (1986)دا دوو پێشمەرگەی تێکۆشەر و ماندوونەناسی حزبی شیوعییان لە گوندی هێلەوەی بناری زورگەزراو بەناوەکانی سەرکەوت خدر کاکیل و عادل شەبەک موسڵاوی شەهیدکرد.

لە رێکەوتی (2.7.1986)دا، جاشەکانی فەوجی یازدەی بەهرامی شێمەی هاڕونی دوو کادیر و پێشمەرگەی (ئاڵای شۆڕش)یان بەناوکانی سەدرەدین رەزا حەسەن قوڕشاغڵوویی ناسراو بە نەبەز و مەهدی باپیر حەمەدئەمین ناسراو بە رێباز لە بەڕانەتی لە گوندی (بەرووشتر/بەرحوشتر) دەستگیرکردو رادەستی دائیرەی ئەمنی هەولێریان کردن. ئەو دوو پێشمەرگەیەی ئاڵای شۆڕش لە ئەمنی کۆن بەرامبەر چایخانەی بایز لە حەوزەکە لەگەڵ ئێمە بوون، دواتریش لە ئەمنە نوێکە لە ژووری چوار ماوەیەک بەیەکەوە بووین، بەر لەوەی من بگوازرێمەوە بۆ ژووری یەک، ئەوان لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی (1987)دا رەوانەی دادگای بەناو شۆڕشی عەواد حەمەد بەندەری جەللاد لەپێستی دادوەردا کران، عەواد حەمەد بەندەر لە رێکەوتی (21.1.1987)دا سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندن و، دواتریش لە رێکەوتی (29.12.1987)دا لە ژووری سێدارەی بەغدا لەگەڵ ژمارەیەکی تری زۆر لە کورد لە سێدارەدران و گەیشتنە کاروانە هەرگیز نەمر و سەربەرزەکەی شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان.

فەوجی یازدە بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5228-5220).

بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (11)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (308)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ. ئەو بنەماڵەیە ئەوڕۆکە هەر هەموویان سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانن و پۆستی سەربازی و ئەفسەری ئاسایشیان هەیە.

## بەشی دوازدەم و کۆتایی

## تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی

لە بەشی دوازدەم و کۆتایی، تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، سەرۆک جاشی فەوجی (172)، هادی شاوەیس سەعید رۆژبەیانی و ساڵح شاوەیس سەعید رۆژبەیانی جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج و عەلی شاوەیس سەعید رۆژبەیانی فەرماندەی سریە بوونە.

تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، قادر فەرەج عەبدوڵڵا (قالە فەرەج) و شێخ عوسمان ناوێک، کە هەرسێکیان پێشمەرگەی سەربە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادة المؤقتة) بوون، لە رێکەوتی (23.7.1977)دا کادیری ووشیار و فەرماندە حەمە غەفور ئاغجەلەری لەگەڵ هەریەک لە ئەحمەد کەریم، ئەحمەد محەمەد، حەمید عەزیز، رەزا عومەر، رەمەزان سەعید و عەبدوڵڵا تۆفیق)یان لە گوندی کانی بی دەشتی کۆیە لە خەودا شەهید کردو کۆپتەری بەعس هات و سێ تاوانبارەکەی دەربازکردو، تەرمی حەوت شەهیدەکەشی برد.

دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە هەریەک لە قادر فەرەج عەبدوڵڵا (قالە فەرەج) فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (49) و تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (50)ی سەربە رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (منظومة الأستخبارات المنطقة الشمالية)یان بۆ دەرچوو لە کەرکوک.

سەرۆک جاشی سووک تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، فەرماندەی ئەوکاتی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (50)ی سەربە ئیستخبارات بە هاوکاری تاوانبار عاسی رەئوف تۆفیق، فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزە تایبەتییەکانی سەربە ئیستخبارات، توانیان لە رێکەوتی (31.1.1978)دا لە گوندی (تەنگی سەر)ی ناوچەی قەرەداغ، سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (شاسوار جەلال شێخ سەعید – ئارام) شەهید بکەن. عاسی رەئوف تۆفیق دواتر لە رێکەوتی

(17.5.1982)دا لە داستانی حەمک لەلایەن قارەمانانی کەرتی چواری جەباری مامە ریشەی تیپی (57)ی سەگرمەی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژرا، لەم داستانەدا کە جاشەکانی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەجیش بەشداربوون سێ پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی چواری جەباری بەناوەکانی (عەلی کەریم تەپەکورەیی ناسراو بە عەلە رەش، ستار باوەفەتی و ئەحمەد عەبدولڕەحمان عومەری ناسراو بە هاوار کەرکوکی شەهیدبوون و ئازاد بیلال خاڵەبازیانی چاوێکی کوێر بوو – سەرچاوە: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆلاییەکە، چاپی دووەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2001، ل50-52).

تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزەی (50)ی سەربە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و پیاوی سەدام بە هاوکاری لەگەڵ قالە فەرەجی هەڤاڵی و دڵسۆزی رژێمی فاشی بەعس، کە پیشەیان بە بەردەوامی کورد و پێشمەرگە شەهیدکردن و نۆکەرێتی و خزمەتکردنی دوژمنی داگیرکەر و دکتاتۆری رەگەزپەرست بووە، لە رێکەوتی (11.3.1981)دا لە گوندی (مەلا ئۆمەر)ی گەرمیاندا چوار دەوری پۆلێک پێشمەرگەی ئازای سەربە لقی چواری گەرمیانی حزبی شیوعییان گرت، لە بەیانی ئەو رۆژەدا شەڕێکی سەخت دەستپێکرد، پێشمەرگەکان بەرگرییەکی زۆر دلێرانەیان کرد و شەڕ تاوەکو کاتژمێری شەشی ئەو ئێوارە بەردەوام بوو، بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی شەڕەکەدا (23) پێشمەرگەی خۆبەختکارو گیان لەسەردەستی حزبی شیوعی لەلایەن جاشە تاوانبارو بەکرێگیراوەکانی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەجی هەڤاڵی شەهیدبوون و گەیشتنە کاروانی هەمیشە سەربەرزەکەی شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان، کە شەهیدەکان بریتیین لەو سەربەرزانە: (عەبدولعەزیز مەلا ساڵح ناسراو بە (هێمن)، ئەندامی فەرماندەیی سەربازی و سیاسی لقی چواری گەرمیان، حەسیب حوسێن حەسەن ناسراو بە (عەریف حەسیب) ئەندامی فەرماندەیی لقی چواری گەرمیان، سەلام فارس عەبدولڕەحمان ناسراو بە (سەلامی مام فارس) سەرپەل لە لقی چواری گەرمیان، محەمەد حەمەلاو حەمەکەریم ناسراو بە (خاڵۆ توکنی)، عەبدولمەجید مەلا ساڵح (برای شەهید عەبدولعەزیز مەلا ساڵح)، حوسێن محەمەد ئەمین ناسراو بە (مام گۆران) کادیری ناوچەی جەباری، جیهان رەشید محەمەد، ساڵح غەفور ئەمین، سەلام عەلی محەمەد، ئەبو غەسان خەڵی شارەدێی بەهرۆزی بەعقوبە کە هەم دکتۆر و هەم لێپرسراوی سیاسی پەل بووە، نوری عارەب خەڵکی شاری ناسریە و لێپرسراوی پەل، حەمە لەتیف جەلەولایی فەرماندەی مەفرەزە، عەزیز ئەحمەد محەمەد عەبدوڵڵا، فوئاد حوسێن ئەحمەد ناسراو بە (مام فوئاد گەرمکی)، سالار حەمید عەبدوڵڵا، عەباس حاجی عەزیز ناسراو بە (فەرەیدون)، نەسرەدین نەجم زەینەل ناسراو بە (ئەبو شەهاب) رابەر سیاسی لە لقی چواری گەرمیان، قادر ئەحمەد سەید مورادی، حامد مەلا فەتاح داود ناسراو بە (نەریمان)، عەبدولکەریم حاجی محەمەد ناسراو بە (هیوا)، مەنسور عەلی محەمەد ناسراو بە (بەختیار)، حوسێن نەورۆزی و نورەدین نەسرەدین محەمەد ساڵح کە بە بریندار لەو شەڕەدا بەدیل گیراو دواتر لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارەدرا – سەرچاوە: ئەبو کاروان، خوێنی (23) گوڵە بەجەرگی شیوعی لە ئەوجی لوتکەی هەڵوێستدا، رۆژنامەی رێگای کوردستان، ژمارە (292)، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (11.3.1998)، کە بە سوپاسەوە برای بەرێزم نووسەر تەها سلێمان ئەو ووتارەی بۆ ناردم).

تەحسین سەعید شاوەیس و جاشە سووکەکانی مەفرەزەی تایبەتی ئەو کرێگرتەیەی سەدام بەعس لە رێکەوتی (31.3.1982)دا لە گوندی (بەکربایەف)ی دەربەندیخان بە پاڵپشتی هێزێکی گەورەی ئاسمانی کە پێکهاتبوو لە شەش کۆپتەری شەڕکەر لە کاتژمێری (8)ی سەر لە بەیانی بۆردومانی گوندەکەیان کرد کە لقێکی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ئێراقی شەو لەو گوندەدا مابوونەوە. هێزەکەی لقی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغ ژمارەیان (21) پێشمەرگە بوو و خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی ساڵیادی دامەزراندنی حزبی شیوعی لە گوندی (بەرکەل)ی دەربەندیخاندا، بەڵام بەر لە دابەزاندنی تەواوی هێزی جاش و سەرباز لەلایەن کۆپتەرەکانەوە لە دەوروبەری گوندەکە، پێشمەرگەکان گوندەکەیان جێهێشت و لە نزیک ئاوەکەی بەکربایەف سەنگەریان لە هێزە بێژمارەکەی دوژمن گرت. شەڕ لە کاتژمێری (8:30)ی سەر لە بەیانی دەستپێکرد و تا دووی دوای نیوەڕۆ درێژەی کێشا. هێزەکەی پێشمەرگە شەڕێکی قارەمانانەیان کرد، سەرەڕای بەراورد نەکردنی لەگەڵ

هێزی دوژمن لە رووی ژمارە، جۆری چەک، هەڵبژاردنی کات و شوێنی شەڕەکە. کۆپتەرەکانی بەعس بەدرێژایی شەڕەکە هێزی تری جاش و سەربازیان دەگواستەوە بۆ شوێنی شەڕەکە، دوای شەڕێکی قارەمانانەو بێوێنەی نزیکەی شەش کاتژمێری، هەژدە پێشمەرگەی ئازاو تێکۆشەری کوڕی جووتیار و رەنجدەرانی گەرمیان و قەرەداغی بەدەستی جاشەکانی تەحسین شاوەیس و سەربازەکانی بەعسی رەگەزپەرست و فاشی شەهیدبوون. بەشێک لەو شەهیدانەی کە لە گوندی بەکربایەف بەدەستی تاوانباری گەورەی کوردکوژ و کوردفرۆش تەحسین شاوەیس و جاشەکانی شەهیدبوون ئەو شەهیدانەن: (حەمە عەزیز حەسەن قلیجەیی ناسراو بە (حەمەڕەش) سەرلق، محەمەد ئەحمەد چرچەقڵایی سەرپەل، عەباس محەمەد رەباتی لێپرسراوی سیاسی، فەرهاد قادر محەمەد بانیخێڵانی کە بە برینداری تەحسین شاوەیس لە چەمچەماڵ بەشێوەیەکی زۆر نامەردانەو دڕندانە شەهیدی دەکات، رەحیم رەباتی، محەمەد ئەحمەد دەربەندیخانی ناسراو بە حەمە خومەینی، عەزیز حەسەن چرچەقڵایی (عەزەڕەش)، جەمال مەحمود رەحیم هەزارکانی، سەرباز مەلا ئەحمەد قادر بانیخێڵانی، عەلائەدین سەوسێنانی، بەهائەدین محەمەد ئەحمەد کانیساردی، سەلاح عەلی دەربەندیخانی، کەماڵ ئەحمەد قەرەداغی، هادی حەمەدئەمین قەرەداغی، وریا حەمە ئەحمەد بانیخێڵانی (وریا حەمدی)، حەمە رەشاش بانیخێڵانی (حەمەی ئامە)، نەجم محەمەد ئەحمەد بانیخێڵانی (مام قادر)، هیوا محەمەد عەزیز زۆراب سەلیم پیرسی دەربەندیخانی – سەرچاوە: حەمە رەشید قەرەداغی، داستانی بەکربایەف لەیادنامە سەروەرییەکاندا، گۆڤاری هندرێن، ژمارە (11)، ساڵی 2002، کە بە سوپاسەوە برای بەڕێزم نووسەر تەها سلێمان ئەو ووتارەی بۆ ناردم + بۆ ناوەکان سوودم لە برای نووسەر یاسین بانیخێڵانی وەرگرت).


تەحسین شاوەیش، بکوژی شەهیدی قارەمان و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی تەواوی کوردستان نەجمەدین شوکر رەئوف تاڵەبانی (مامەڕیشە) بوو، کە لە رێکەوتی (24.1.1985)دا لە گوندی (حەسەن ئاوا)دا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تری جەربەزە و دلێر بەناوەکانی موحسین مەجید سەلیم ناسراو بە موحسین بیکەیسی و سەردار محەمەد شەریف شەهیدی کردن. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تۆڵەی شەهید مامە ریشە و هاوڕێکانیدا، دەستبەجێ بەکری حەمە کەڕی کوشتەوەو، دوای راپەڕینیش کەسێکی تری بەناوی کاکل رەحیم دۆینەیی کوشت کە هەردووکیان سەربە ئیستخبارات و جاشی تەحسین شاوەیس بوون و دەستیان هەبوو لەو بۆسەیەی بۆ شەهید مامە ریشە و دوو هاوڕێکەی تری دانرابوو - سەرچاوە: (عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆڵایینەکە، چاپی دووەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2001).

هێزێکی جاش کە پێکهاتبوو لە هەریەک لە قادر فەرەج عەبدوڵلا (قالە فەرەج)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49)ی سەربە ئیستخباراتی شیمالی، سەید تاهیر سەید حوسێن محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە) کە دواتر بووە سەرۆک جاشی فەوجی (42)ی جاشە سووکەکان (ئێستاکە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە)، کاوە ئەحمەد تۆفیق (کاوە بازیانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (79)، کە دوای راپەڕین چۆتە ناو (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بە هاوکاری و پشتیوانی میلیشیاو هەلیکۆپتەری جەنگی، لە رێکەوتی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی بەرامبەر بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان پێشمەرگەی ئازا و فەرماندەی تێکۆشەر ئەنوەر حەسەن (ئەنوەر حەسەن خدر مەحمود ئاری کوتکی کەرکوکی)، فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک و یازدە پێشمەرگەی تر شەهید بکەن بەناوەکانی: (حەمە شوکر بلوکێنی، رزگار جەلال قەساب ناسراو بە هێمن، سوارە شێخ سدیق، عەبدولخالیق ساڵح ئەحمەد سۆنەگوڵی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ، عەبدوڵلا ساڵح رەسوڵ ناسراو بە مامۆستا چیا، کامەران عومەر نەجاڕ، کەریم چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران، نوعمان عەبدوڵڵا مەعروف کلاوقوتی، نەجمەدین فاتیح شوکر ناسراو بە شێروان، کەمال قادر فەتاح و مۆفەق عەبدولڕەحمان تەقی کە بە برینداری کەوتە بەردەستی جاشەکان و دوای ماوەیەک سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ برایەوە، بەڵام لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا. مۆفەق تەقی دوای ئازادبوونی گەڕایەوە ناو شۆڕش و دووبارە بوو بە پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە دواتر لە راپەڕینی شاری کەرکوک لە رێکەوتی (19.3.1991)دا شەهید بوو).

فەوجی جاشە سووکەکانی تەحسین شاوەیس سەعید، بەشدارییان لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4)دا کردووە - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (998)، رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (15.8.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوج تەحسین شاوەیس خۆی باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیان دەکات لە شالاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی یەک، دوو، سێ، چەندین شەڕی جیاجیا لەدژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەرگرتنی پازدە میدالیای ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا)، هەر سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەجی (172)ی جاشە سووکەکانی تەحسین شاوەیس سەعید لە شالاوی ئەنفالی چوار - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162). سەرۆک جاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان تەحسین شاوەیس سەعید، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا خۆفرۆشی و کورد کوژی) وەرگرتووە لە پاداشتی بەشداریکردنی لە شالاوی ئەنفالدا.

تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، سەرۆک جاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (409)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

دواتر تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، لە شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە ڕێکەوتی (21.10.1996)دا لە نزیک شارۆچکەی دوکان بەدەستی پێشمەرگەکانی یەکێتیی کوردستان کوژرا. جێگری سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو هادی شاوەیس سەعید رۆژبەیانی و نەوەی تەحسین شاوەیس سەعید و براکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری ئەو حزبەن.



پلینگ و شەهیدی کوردو کوردستان مامە
ریشەی هەمیشە سەربەرزو زیندوو




تەحسین شاوەیس سەعیدی سەرۆک
جاشی فەوجی 172ی جاشە
سووکاکان

تێبینی: بەڕێزان، لێرەدا کۆتایی بەو زنجیرە ووتارە دەهێنم، ئەگەر بۆم بکرێت لە دەرفەتێکی نزیکدا چەند ووتارێک لەسەر نووسەر و رۆژنامەنووسە کوردە خۆفرۆش و ویژدان مردووەکان دەنووسم، کە لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق – ئێران و سەردەمی ئەنفالکردنی کورد و کیمیابارانکردنی کوردستان، هۆنراوە و ووتاریان بۆ سەدام و سوپای قادسیە نووسیوە یاخود ئەو مەلایانەی کە دەستخۆشی و پیرۆزبایی ئەنفالکردنی کوردیان لە سەدام و بەناو سوپای دڕندەی بەعسی عروبە کردووە.